هاوکاری

التضامن

نەورۆز

روژنامەیەکی هەفتانەی گشـــــتی‌یە

دەزگای گشـتی چاپەمەنیو بلاوکردنـەوە دەری ئەکـا

تلفون : ٦٩٧٢١

ژمارە (١٠) | سالی (١) | شەمە | ٢١ مارت ١٩٧٠ | نوخی (٢٠) فلسە

ری رەوی هاوکاری

کونەپەرسـتی چاو قوچـــاو
لە جەژنی گەل بۆ ئەترسی ؟!
لەگەڵ دزی کۆشك و دراو
بۆ ناتەوێ جەژنی برسی ؟

**

بۆ ناتەوێ گیـانی چلکن
جەژنی پاکی نەورۆزی من ؟
نەورۆزئەکەم ، نەورۆزئەکەم
نەورۆزێکی بەسـۆز ئەکەم

**

جەژنی گەلی پیرۆز ئەکـەم
ئاهەنگی نەورۆز قۆز ئەکەم
وەك کوردێکی دڵسوز ئەکەم
نەورۆزئەکەم ، نەورۆزئەکەم

**

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی کۆنی نەتەوەی کورد دەور بکەینەوە ئازایەتیو نەبەردی ڕۆڵەکانیو دڵسـۆزیان بەرامبـەر بە خەڵکی تری دۆستو نزیکیان تێ‌ئەگەین٠
نموونـەیەکیش لـەو دڵسـۆزیو ئازایەتی‌یەی ڕۆڵانی نەتەوەکەمان «کاوە»ی ئاسنگەرو زەحمەتکێشە کە چەند هەزار ساڵ لەمەوپێش بە هاوکاری دەستەیە پیاوی مەردو بەجـەرگ ڕاپەڕیو نارەواترین داستانی زوڵمو گوناەو تاوانی هەڵگێڕایەوەو « زوحـاکی » خوێن مژی ڕۆڵانی میللەتی کوردو ئێرانی تـەفرو تونا کـردو ئالای ئازاد بوونی مرۆڤە زەحمەت کێشەکانی هەڵکردو ژیانی خۆشو بێ‌ترسو خۆفی بۆ دامەزراندن٠ هـەر بۆیەش ئەو ڕۆژە پیرۆزە کەڕێەوتی یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهارە تا هـەتایە جـەژنی سـەربەستیو شـادومانی میللەتەکەمانو هاوسێکانمانە وە هەر بۆیە ئەو ئازایەتیو ڕاپەڕینـەش بـەردەوام هاندەری میللەتەکەمان بووە بۆ خـەبات گێڕاندنەو کۆڵ نەدان لەپێناوی سەرفرازیو خۆشی ڕۆڵانی نەتەوەکـەمان لەهـەر سەردەمێکدا ، بۆ نموونەش هەر ئەم هاندانە کاری کردۆتە سەر زەحمەت کێشو دڵسۆزانی سەربەرزی

بـڕوانـە ل ٣٠

بروسکەی پیرۆزبایی‌یەکەی

کاکە مستەفای بارزانی

کاکە مەلامستەفای بەرزانی سەرکردەی بزووتنەوەی کوردو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ستایشی بەیان‌نامە مێژوویی‌یەکەی چارەسەرکردنی ئاشتی خوازانەی مەسەلەی کوردی کردوە • هەروەها گرنگی ئەو بەیان‌نامەیەی سەلماندوە بەرامبەر هەردوو گەلی کوردو عەرەبو خەباتیان لەدژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی • ئەمەش لەو بروسکەیەدا هاتووە کە کاکە بەرزانی ناردوێتی بۆ سەرەكو ئەندامانی ئەنجوومەنی شۆڕشو سەرەك كۆمار کاکە موهیب ئەحمەد حەسەن بەکر • بروسکەکەش کە لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی بەغدادا بلاوکرایەوە دکتور مەحموود عەلی عوسمانی سەرۆکی دەستەی ووتو وێژکەرو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان خوێندویەتی‌یەوە : ڕۆڵەکانی گەلی عیرق مەزن •• ئازادی خواکانی هەموشوێنێك ••

شانازی ئەکەم بەناوی خۆمو وەفدی کوردەوە پیرۆزبایی‌تان لێ بکەم کە شانازی بەشدار بوونی هەیە لەو ووتو وێژە برایەتی‌یەی کە لەگەڵ پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی‌داو فەرمان ڕەواکانی نیشتمانی‌دا کراو سەرکەوتو پەیوەندی برایی هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەبی لەعیراق‌دا توندو تۆڵ‌تر کرد • لە کاتێکدا پیرۆزباییش لەهەمووتانو هەموو پێشکەوتن خوازەکانی جیهان ئەکەم بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەموو پێشکەوتن خوازە کوردەکان ، شانازی‌یە کە بروسکەی مەلامستەفای بەرزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانتان بەم بۆنە پیرۆزەوە بۆ بگێڕمەوە :

خاوەن بەرزێتی سەرۆکی خەبات گێڕ موهیب ئەحمەد حەسەن البکری بەڕێز •••

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ••

لەقووڵایی دڵەوە پیرۆزەبایی لەئێوەو خۆمانو گەلی عێراق ئەکەم بەناوی خۆمو پارتی دیموکراتی کوردستانو کۆمەڵانی گەلی کوردمانەوە ، بەبۆنەی دەرچوونی ئەو بەیان نامە مێژوویی‌یە کە شانازی بەشداربوونی دانانیمان هەیەو چارەسەری ئاشتی خوازانەی دیموکراتیانەی مەسەلەی کوردی زامن کردو باوەڕی هێنا بەمافی نەتەوایەتی ڕاستو ڕەوانی کۆمەڵانی گەلەکەمان بەحوکمی ذاتی‌یەوە •

دیسان حورمەت دەر ئەبڕین بەرامبەر هەوڵی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم وولاتە کە لەسەر ڕێگای گەیشتن بەئامانج بە ئارامەوە کاریان دەکرد •

دەرچونی ئەم بەیان‌نامەیەش لەم قوناغەدا بایەخێکی تایبەتی هەیەو تووانای بەهێزکردنی هاوکاری نێوان هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەبی هەیەو بەهێزکردنی برایەتی مێژوویی یانو پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی‌و بەفیرۆدانی دەرفەتی ئیمپریالیزمو کونەپەرستی‌و نۆکەرەکانی‌و گشت پیلانەکان، کە دژی نیشتمانو گەلەکەمان ڕێکی دەخەن ، من بەم بۆنە مێژوویی‌یەوە هاوکاری تەواو ڕاستی گەلی کورد ساغ دەکەمەوە بەرامبەر خەبات گێڕانی ڕەوای میللەتی عەرەب دژی دوژمنەکانی بەتایبەتی لەم کاتەدا کەنەتەوەی برا بە قوناغێکی سەختدا دەرووات‌و پێویستی بەهەموو ووزەو تووانایەکە گردبکرێتەوە بۆ پشت‌گرتنی خەباتی سەختی لەپێناو ئامانجە ڕەواکانی‌دا •

لەکاتێکیش‌دا پشت‌گیری خۆمانو پارتی دیموکراتی کوردستانو هەموو گەلی کوردیش دەردەبڕین بەرامبەر بەتەواوی بەیان‌نامەکە ، گفت دەدەین بەکارکردنێکی ڕاستو دڵسۆزانە لەگەڵ پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی وە فەرمان ڕەوایەتی نیشتمانی بۆ جێ‌بەجێ بوونی تەواوی بەندەکانی بەیان‌نامەکە ئەویش بۆ زافن بوونو چەسپاندنی ئاشتی هەمیشەیی‌و پارێزگاری ئاواتو خواستو مافەکانی گەلی عیراق بەعەرەبو کوردو تورکمانو کەمایەتی‌یەکانی‌یەوە •

ئێستەش لە ئەستۆماندایە بەڕاستی کاربکەینو چاو لە ڕووداوەکانی بەسەرچوو بپۆشینو چارسەرێکی هەموو شوێنەوارەکانی ، بەڕاستی‌و بەگیانێکی برایەتی‌یەوە بکەین• من لەم کاتەش‌دا بانگ لە هەموو هێزە خێرخوازەکانو هەموو ڕۆڵە دڵسۆەکانی عیراق ئەکەم تاهاوکاری بکەن لەگەڵ حکومەتی شۆڕشو لەگەڵ ئێمەش تا بگەین بەچاکەو خێرو خۆش‌بەختی‌و پێشکەوتنی ڕۆڵەکانی •

لە کۆتایی‌دا لە خوای میهرەبان دەخوازم سەرمان بخات بۆ خزمەت‌کردنی ئەم نیشتمانە بەنرخەو بەهێز کردنی یەکێتی خاكو گەلەکەی• ئاشتی بەسەر وولاتەکەماندا ئاشتی •
بەسەر وولاتەکەماندا

بشەکێتەوە •
مستەفا بارزانی
سەرکردەی• بزوتنەوەی کورد •
و
سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان •

لە ئاسۆی ئەرخەوانی دا

یەکێتی نیشتمانی •••
ئینجا یەکگرتنی نەتەوایەتی

گەلی عیراق ، کە لە دوو نەتەوەی سەرەکی‌و چەند کەمایەتیەکی نەتەوایەتی پیك‌دیت ، هەرگیز ناتوانیت ریگەی پیش‌کەوتن‌و گەشەکردن بگریتە بەر لە هیچ روویەکەوە بەبێ چەسپاندنی یەکیتی‌یەکی نیشتمانی پتەو لەنیوان ئەم نەتەوانەدا •

گەلی عیراق ، هەرگیز ناتوانیت بەرهەمی رەنجو تەقەللای تەرخان بکات بو بنیاتنانو ئاوەدان کردنەوەو پێشخستنی ولات ، بەبێ چارەسەریکی راستەقینەی مەسەەی نەتەوایەتی ••• کە چەندەها ساڵە تەمەنی عیراق بۆ گرێی کویرەی هەموو مەسەلەکانی تری گەلی عیراق •

نەتەوەی عەرەبو کوردیش لە عیراق‌دا ، کە هەر یەکەیان بەشیکن لە نەتەوەیەکی دابەش کراو ••• ئامانجی دوریان یەك گرتنەوەی تەواوە ، هەرگیز ناتوانن بەو ئامانجە بگەن ، ئەگەر وەکویەك بەمافە نەتەوایەتیەکانیان شادنەبن و یەکیتی‌یەکی نیشتمانی راستەقینەو پتەو نەهیننە کایەوە ، واتەچارەسەرنەکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد کوسپی هەرەگەورەی ریگەی یەكگرتنی گەلی عەرەبیشە •• کە ئەوە خواستو ئاواتی زوربەی زوری جەماوەری گەلی عەرەبی پیوە بەستراوە •

بی‌گومان ئەم دان نانەش بە مافە .نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردو بوونی سەربەخوی‌دا ••• هەنگاویکە لەرێی گەشەکردنی نەتەوەی کوردو گەیشتن بە هەموو ئامانجەکانی •

دەرك کردن بەم راستیانەوە بروا پی‌هینانی ، بناغەی ئەو بیرکردنەوانە بوون کە بەیانەکەی حکومەتی شورشی لەسەر دەرچوو •

رویشتن لەسەر ئەم ریرەوە راستەو جی‌بەجی‌کردنی بەیانەکە ••• تەنها ریگەی چەسپاندنی یەکیتی نیشتمانی گەلی عیراقە ، کە بەبێ ئەوە گەیشتن بەئامانجە نەتەوایەتی‌و مروڤایەتیەکانی هەر دوو نەتەوەی‌عەرەبو کورد مەحالە•

●

نەورۆز

بەئاگری خۆشەویستی •
هەزارەها دڵ‌گڕی گرت •
سوزی سەربەرزی‌و سەربەستی
چەکی بەهەزاران هەڵگرت •
هەر ئەو خوشەویستی‌و سۆزە•
مەشخەڵی ڕۆژی نەورۆزە •

جمال شار باژیری

بروسکەی هێزی دەشتی هەولێر

بەبونەی روژی ئاشتی‌یەوە کە شەری براکوژی تیا برایەوە ، بەناوی خوم‌و هموو پیشمەرگەکانی هیزە کەمانەوە – هیزی دەشتی هەولێر – پیرۆزبایی لەئێوەو خومان و رولانی گەلی عیراق بەکوردو عەرەبە وە ئەکەین ، وە لایەن گیری ئەو بەیان نامە میژویی‌یەین کە چارەسەری مەسەلە نەتەوەیی گەلی‌کوردمانی کرد ، همو پیشمەرگە سەربازەکانی ئالای پارتی دیموکراتی کوردستانمان لایەن گیرنو ئامادەن بو جی‌بەجی کردنی هەر کاروباری کە پێ‌یان‌بسپیردری بو چەسپاندنی ئاشتی‌هەمیشەیی‌لەهەمولایەکی نیشتمانی‌بەهادارماندا هەروەها لایەن گیری ربك کەوتنی پارتەکەمانە لەگەڵ پارتی بەعسی عەرەبی اشتراکی‌و دەسەلات داریتی نیشتمانی بو ئەوەی پیکەوە ناوڕۆکی بەیان نامە میژوویی یەکەی مارت جێ‌بەجێ بکەن ، وە بانگنان ئەکەین تا جی‌بەجی کردنی ئەو بەیان نامەیە پەلەی لی‌بکری تاوە کو ری خوش‌بی بو نێروەکانمان بەڕاستی بەشداری بکەن لە دژی استعمارو سەهیونیەت بژی برایەتی هەتای کوردو عەرەب کە تاقەزامنی پاراستنی کوماری عیراقە •

سەرکەوتن بو خەباتی رەوای گەلی عەرەبی فەلەستین لەدژی ئیمپریالیەتو سەهیونیزمی جیهانی •

صابر شیخ جامی
یاریدەدەری ئامیری هیزی دەشتی هولیر

بروسکەی پیرۆزبایی
لە کۆمەڵانی گەلی کوردەوە

بە ناوی ئەندامەکان‌و هەڵبژێرارەکانی کۆمەڵانی جوتیارانی زوڵم لێ‌کراوی قەزاکانی مەخمورو مەرکەزی هەولێر - دەشتی‌هەولێر - پیرۆزبایی لە ئێوەو خۆمان‌و ڕۆڵەکانی گەلی عیراقمان دەکەین کەوا جەژنی ئاشتی هاتە دی بەو بەیان‌نامە مێژوویی‌یە گرنگەی کە چارەسەری مەسەلەی گەلەمانی کردو مافە ڕەواکانمانی پەسەند کردووە هەتا حوکمی زاتیش لە چووار چێوەی کۆماری عیراق‌دا •

گفتی پارتی دیموکراتی کوردستانیشمان بە پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی‌و فەرمان ڕەوایەتی نیشتمانی کە لە بروسکەکەی خەبات‌گێڕ مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتەکەمان‌دا هاتووە کە هاریکاری دەکات بۆ جێ‌بەجێ کردنی بەندەکانی بەیان‌نامە مێژوویی‌کەی ١١ی آذار ، ڕاست‌ترین نموونەی هەست‌و سۆزی کۆمەڵەکانی گەلەکەمانە پەلەش‌کردن لەچەسپاندنی بەیان‌نامەکە پایەو شوێنی عێراق لە جەنگی چارەنووسی عەرەب‌دا بەهێز دەکات‌و دەرفەتیش لە کیس دەرەبەگەکان‌و بەکرێ بەگیراوو کۆنەپەرستەکان دەدات ، ئەوانەی کە شەیدای گێڕانەوەی ئەو کارەساتە ناخۆشانەن کە بەدرێژایی نۆ ساڵ ئەم وولاتە پیرۆزە توشی بوو بوو •

با بژی برایەتی هەتا هەتای نێوان هەردوو گەلی عەرەب‌و کورد بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمان •

لیژنەی ناوخۆی جوتیاران - پارتی دیموکراتی کوردستان -

لیژنەی ناوخۆی جوتیاران - ناوچەی هەولێر •

ئەی پاڵەوانە ئازادی خواهەکانی شۆڕش • بە بۆنەی جەژنی ئاشتی‌و جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوە ، جووان‌ترین پیرۆزبایی لە ئێوەو هەموو هێزە چەکدارەکانمان ، لە سوپاو پولیس‌و نێرووەکانی پێشمەرگە دەکەین •

بژی خەباتی هەردوو گەلی عەرەب‌و کوردو کەمایەتی‌یەکانی تر • بژی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی • بژی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی بارزانی • بژی ئاشتی جیهان •

بژی هەردوو تاقە پاڵەوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مهیب البکر و بارزانی •

لە جیاتی کەس‌و کاری شەهید مصطفی محمد لە تیرەی ڕۆژبەیانی • جلال مصطفی گەرەکی شورجە - کەرکوك •

بەیان‌نامە مێژوویی‌یە مەزنەکەتان بۆ چارەسەکردنی مەسەلەی کورد بە ئاشتی ، دڵی پڕ کردین لە خۆشی‌و بەشارەت • ئەمە لێدانێکی بەرجەگانەیە لە دوژمنانی هەردوو گەلی عەرەب‌و کورد • پرۆن بۆ پێشەوەو خواسارتان بخان •

بژی برایەتی عەرەب‌و کورد بەسەرکردایەتی احمد حسن البکر و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش مستەفا بارزانی •

لەجیاتی هەموو تیرەی
شیروانی
سدیق طاهر • احمد بوفیق

پیروزبایی کریکارانو کار بەدەستانی چاپخانەی « الجمهورية »

بەرێز سەرەك کومار احمد حسن بکری تیکوشەر •

بەریزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش •

ئەو هەنگاوە پێشکەوتویەتی ناتان لە پێدانی مافی نەتەوایەتی‌و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق بریتی بوو لە دەربڕینی هیواو خواستنی جەماهیری زەحمەت کیشانی کورد کە خاوەنی راستەقینەی سوودی چەسپ بوونی هەمیشەیی و راستە •

بۆ پێشەوە و بەرەو هەنگاونانی پیشکەوتوانەی تر کە بنچینەی برایەتی کوردو عەرەبی پێ بەهێزتر ئەبێ •• ئەو برایەتی‌یەی ئیمپریالیزم‌و سەهیونیەکانی لەسەر وردو خاش ئەبێ •

کریکاران :

١ - فاروق آدم بیداوید •
٢ - جلال آدم بیداوید •
٣ - قاسم حسین •
٤ - بطرس اسحاق •
٥- مسعود محمد •
٦ - یوسف سولا •

پاشماوەی (ڕێ ڕەوی)

میللەتەکەمان تا زیا لە نۆ ساڵ قوربانی بدەن‌و ماڵ‌و گیان ببەخشن بە نەورۆزێکی تر کە سەرفرازی‌و بەدی‌هاتنی ئاوات‌و ئامانجی هەموو کۆمەڵانی نەتەوەکەمانە بەبێ جیاوازی • سا وا ئەم جەژنە پیرۆزەش لەڕۆژی ١١ ڕەشەمەدا هاتە سەر لاپەرەی مێژووی کۆن‌و تازەمان‌و نەك هەر گەلی کوردمانی پێ‌شادو شوکر بوو بەڵکو تێکرا هەموو میللەتی عەرەبی براو هەموو ئاشتی خوازان‌و دڵسۆزی مرۆڤایەتیش وەکو گوڵی بەهار گەشانەوەو جەژنیش‌مان بوو بەجەژنیان • جا ئەگەر ئێمە لە یاد کردنەوەی جەژنی نەتەوەیی‌مانین ، با ئەوە لەناخی دڵ‌و دەروونامان‌دا نەخش بکەین کەجەژنی نەورۆزی ئەم ساڵمان بوو بەدوو جەژنی مەزن • جەژنی نەورۆزو جەژنی ئاشتی‌و سەربەرزی‌و برایەتی‌و هاتنەوە ڕێز بۆ دامەزراندنەوەو ئاوەدان کردنەوەی کوردستانی شیرین‌و عیراقی هەلدوو گەلی عەرەب‌و کورد •

زۆریش پێویستە لەم دوو جەژنەمان‌دا گەلێك باسی گرنگ بهێنینەوە بیرمان ئەویش ئەوەیە جەژنی تازەمان بەخوێنی ئاڵ‌و گەشی هەزرەها مەردی کورد ، وە بەخێرخوازی‌و دڵسۆزی هەردوو پارتی پێشڕەو پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی‌و پارتی دیموکراتی‌کوردستان هاتۆتەدی سا ئەم جەژنەو نەورۆزمان لە هەموو کوردیکی سەربەرزو عەرەبێکی براو بەشەرەف پیرۆز بێ وە لەڕێزی پێشەوە لە کاکە احمد حسن البکری سەرەك کۆماری دڵسۆزی هەردوو میللەتی عەرەب‌و کورد دەلە ڕۆڵەی دڵسۆزی میللەتەکەمان کاکە مستەفای بەرزانی •

گیانی سەعدی

گیانی سەعدی کومەڵە شیعریکی شاعیری بەناوبانگی روژهەلات - سەعدی شیرازی - کە لەلایەن مامۆستا - علی باپیر - ە وە کراوە بەکوردی کەوتە بازارەوە •

شورشی هونراوە

شورشی هونراوە لێکوڵینەوەیەکی ئەدەبی‌یە دەربارەی هونەری شیعر کەلەلایەن کاك احمد سالارەوە ئامادە کراوە بەم زووانە ئەکەویتە بازارەوە•

نەوروزو بەهار

کومەڵە هەڵبەستیکی خالە حەبیب علی میرانی یە بەم زوانە دەر ئەچیت •



بەیان‌نامە مێژوویی‌یەکتان کە باوەڕی بە حوکمی زاتی گەلی کورد هێنا چاك ترین لێدانە لە ئیستعمارو سەهیۆنی‌یەتی تاوەنبار •

بژی برایەتی هەتا هەتای کوردو عەرەب •

دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی «رباغ» کویسنجق • غریب مصطفی • مجید صابر فتاح صابر • محمد علی مصطفی • ابراهیم فتح الله • ظاهر بکر •

بەیان‌نامە مێژوویی‌یەکەتان کە حوکمی زاتی گەلی کوردی ئاشکرا کرد لێدانێکی گەورەیە لە ئیستعمارو سەهیۆنی‌یەتی تاوەنبار •

بژی برایەتی کوردو عەرەب هەتا هەتایە •

دەستەی مامۆستایانی متوسطەی کویسنجق • اسماعیل حمد • علی کنعان • ابراهیم مصطفی • میخائیل ایۆ محمد علی مراد • نوئیل اسطیفان • محمد بهجت • غازی عبدالکریم محمود سعید رضا •

بانگی

دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد

بۆ هەموو نووسەرانی کورد

برادەرە خۆشەویستەکان !

ئەی خاوەن بیران ! ئەی خامە هەلگرن ! ئەی ئەوانەی وشەی خاوێنی کوردی بلاو ئەکەنەوە!

لە دێرزەمانەوە نیشتمانەکەمان مەیدانی کارەسات و ڕووداوی ناخۆشە · پێشان داگیرکەرانی کۆن بەسەریا ئەهاتن و ، لەم چەرخەشدا ئیمپریالیستەکان تەماعیان تێ کرد ·· دەسیان وەردایە ناو کاروباریەوە و ، سزاو ئەشکەنجەیەکی زۆری ڕۆڵە گوڵ نەدەرەکانی یان دا ·· لەمانە هەموو ، بەدرێژایی ئەم سالانە هەولیان داوە بۆنەرەی نەتەوەکەمان نەناوبەرن ، تا بتوانن بەئاسانی بە مرازی خۆیان بکەن · ڕێگەیان نە زمانەکەمان گرتو بوون بە تۆسپی ڕێدی پێ گەیشتن و پێشکەوتنی بیری کوردو گەشەکردنی ئەدەبەکەی ·· بەلام گەلەکەمان ، کە لەبەرچاوی هەموو جیهان و ، لە کاروانی خەباتی گەلاندا بووە بە نموونەی خۆڕاگرتن و خەباتی کوڵ نەدەر ، وە هەموو جۆرە بازیی و نێبووردنێکی بەخۆیەرە پیشانداوە، هەمیشە زانیویەتی چۆن ڕووی چەکی دوژمن بکاتەوە نەو دوژمنە ، وە نە ڕێگای پاراستنی زمانەکەیەوە خۆی پاراستووە ·· لەم کێشەو نەبەردەدا ، بیری کوردی هەمیشە هۆیەکی گرنگی دەسی کورد بووە لە تێکۆشانی بێ‌وچانیا بۆ مافەکانی ··

ئەدەبی کورد ، وەك چۆن هەمیشە هۆی خەبات بووە لەپێناوی مرازەکانی گەل و مرۆڤایەتی‌دا ، شێوەیەکی تێکۆشەرانەی جوانیشی بووە· بەناو کەندو کۆسپ و بەسەر هەزران بەرزی و نشێوی‌دا ڕێگەی خۆی بڕیوەو نەیهێشتووە تەپوتۆزی بیری چەپەلی لێ بنیشێ و ، خۆی لە داکەوتن پاراستووە · وە لەگەل ئەو ژیانە ناخۆشەشدا کە ژیاوە ، هەر لە سەرچاوەی ژینی گەلەوە ئاوی ژیانی هەلگۆستووەو ، مەبەستەکانی گەلی کردووە بە قیبلەی خۆی، وە لە ئەدەبی گەلانی دۆست و دراوسێی وەرگرتووەو ، لە هی خۆیشی پێداون ·· بەوجۆرە بووە بە ئاوێنەیەکی ڕاستی ژیانی نەتەوەکەمان توانای مانەوەو خۆڕاگرتنی بۆ خۆی مسۆگەر کردووەو نەفەوتاوەو نەتواوەتەوە ، وە بووە بە هۆیەکی کاریگەر لەو هۆیانەی کە مایەی ژیان و خۆڕاگرتنی

نەتەوەکەمانن ···

ئەمڕۆ، ئەدەبی پێشکەوتووی کورد پایەیەکی تایبەتی هەیە لەناو ئەدەبی نەتەوەکانی تردا · ئەدەبی ئێمە ئیستا ئەرکی نەهێشتنی پاشماوەی دواکەوتنی نەتەوەکەمانی گرتۆتە ئەستۆ وە سەرەڕای سەرچاوەی دێرینی خۆی ، بیرو باوەڕی پێشکەوتوو لە ئەدەبی جیهانیش وەرئەگرێ و ، شێوەی هونەرمەندانەی تازەشی لێوە فێر ئەبێ و ، بەگەرم تەقەلای ئەوە ئەدا کە جێگای شایانی خۆی دابگرێ ··

لە کۆڕی خەباتی گەلەکەماندا بەرابەر بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و بیرو باوەڕیان ، وە بەرابەر بە هەموو دیمەنێکی ڕەگەزپەرستی‌ی شۆڤێنی‌یانەو کۆزمۆپۆلیتی‌یەتی، وە لەپێناوی ئامانجە بەجێکانی ئادەمیزاددا، ئەدەبی ئەمڕۆی کوردی عێراق دەورێکی گرنگی هەیە · ئەمڕۆ ئەم ئەدەبە ئاوێنەی مێژووی

پێنووسەکانمانەو ، ڕێگای ڕیشە داکوتانی زیاتری بیرو باوەڕمان و گەیاندنەیان بە هەموو مال و کۆلێتێك لە هەر گوندو شارو دەشت و شاخێکی کوردستانەکەماندا ·

برادەرینە !

ئێمە زۆر سەربەرزین و شانازی بەوەوە ئەکەین کە مژدەی ئەوەتان بدەینێ کەوا وەزرەتی ناوخۆ ڕێگای دانانی یەکیەتی‌یەکەی داین · دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتی‌ی نووسەرانی کورد ، پاش چاو بەیەك کەوتنێکی زۆری نووسەرانی کوردی بەغدا دامەزراوەو ، لە هەر بیروباوەڕێکی پێشکەوتووی تیایەو ، ئەندامەکانی نوێنەری ئەدەبی پێشکەوتووی ئەمڕۆی کوردن· ئێمە لەکاتێکا کە شانازی‌ی خۆمان دەرئەبڕین بەوەوە کە بووین بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر ، ئەمانەوێ ئەم سپاردەیە بدەینەوە دەستی

بین و ، خەمی دەسمان بکەین بە چەکی خەبات بۆ پتەوکردنی برایەتی‌ی کوردو عەرەب و ، تێکۆشانی پێکەوەمان نەدژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆ و سەهیونیزم ·· وە بۆ پشت‌گرتنی گەلی کوردمان بۆ هێنانەدی مافی حوکمی خۆبەخۆیی (ئۆتۆنۆمی) ، لە چوارچێوەی عێراقێکی پێشکەوتووی گەشەکردوودا ، عێراقێکی‌وا کە ببێ بە قیبلەی هەموو نەتەوەی کورد لە هەرلایەکی کوردستاناو ، دەوری پێشەنگانەی خۆی ببینێ لە خەباتی نەتەوەی عەرەب و هەموو گەلاندا بۆ ئاشتی و ئازادی و سۆشیالیزم ··

برادەرە خۆشەویستەکان !

بیرو ، لێ‌بووردن و ، تەقەلای بێ‌وچانی ئێوە بوو ئەم شێوەی خەباتکاری‌یەی ئیستای دا بە ئەدەبەکەمان · ئەم یەکیەتی‌یەی ئیستاشمان بەری ئاوات و ڕەنجی ئێوەیە ·· ئێمە

ڕێگای خەباتە بۆ پاشەڕۆژێکی باشترو جوانتر لە هەرلایەکی جیهاندا !

دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتی‌ی نووسەرانی کورد : جمال بابان · دوکتۆر احسان فوآد · حسين عارف · دوکتۆر معروف خەزنەدار · کاکە حەم بۆتانی · دوکتۆر عزالدين مصطفى رسول· خالد دلێر · دوکتۆر کاوس قەفتان دوکتۆرە نەسرین فخری · محمدی مەلا کریم · نوری علی أمین ·

× دامەزراندنی ئەم یەکیتی‌یە هۆی یەکخستنی ڕەنج و تەقەلامانە ·

× یەکیتی نوسەرانی کورد : هەموو بیروباوریکی پیش‌کەوتوانەی تیدایە ·

گەلەکەمان و خەباتی پێکەوەیەی نەگەل گەلی عەرەبی برای ، وە وێنەگری ڕووداوەکانی مێژووی برایانەی هەردوو گەلەو ، بەم‌بارەیەوە دەورێکی کاریگەری گێڕاوە ··

برادەرینە !

دەمێکە بەدوای باشترین شێوەی پێش‌خستنی ئەدەبەکەماندا ئەگەڕێین و ، ئەمانەوێ توانای خۆمان تەرخان بکەن بۆ خزمەتی گەلەکەمان · هەمیشە هەر لە تەقەلادا بووین بۆ لادانی کەندو کۆسپەکانی ڕێگامان و ، بۆ ئامادەکردنی وەزعێکی لەبار بۆ هێنانەدی‌ی بەرهەمی ئەدەبی · سالەهای سالە ئیش‌ئەکەین بۆ هێنانەدی‌ی ئاواتی نووسەرانی کورد لە کۆمەلەیەکی‌وادا کە هەول و تەقەلایان یەك‌بخا · بەلام ئەم ئامانجە پیرۆزو نیازە جونەمان بۆ نەئەهاتەدی ، بەهۆی باری ژیانی نەتەوەکەمان و حوکومەتە گۆڕ بە گۆڕەکانی جارانەوە ·

هەر وەزعێکی تازە هاتبێتە پێشەوە ، هەولمان تیاداوە بۆ ئەم ئاواتەمان · پێکهێنانی یەکیەتی‌یەك بۆ نووسەرانی کورد بووبوو بە مەبەستێکی میللی · جگە لەوەش کە هۆی یەکخستنی ڕەنج و تەقەلامانەو، مایەی هاتنەدی‌ی بیروباوەڕو

خاوەنە ڕاستەقینەکانی · بۆیە وا هەموو لایەکتان بانگ ئەکەین بۆ نە باوەش گرتنی ئەم کۆرپە شیرینەی نەتەوەکەمان کە یەکەمین کۆمەلێکی‌دان پیانراوی ئەدەبی‌ی‌گەنەکەمانەو بۆ ئەوە پەیدا بووە کە هەموو خاوەن بیرن و خامە هەلگرانی کوردی عێراق لەدەوری خۆی خڕکاتەوەو ، ببێ بە چەکی دەستی نووسەرانی کورد بۆ خزمەت کردنی نەتەوەکەیان لە ژیان و خەبات و ڕەنج و تەقەلایدا وە بۆ فێرکردنی و لێوە فێربوونی ··

ئێمە لەکاتێکا کە بانگتان ئەکەین ببن بە ئەندامی یەکیەتی‌ی نووسەرانی کورد ، چونکە ئەمە یەکەمین هەنگاوێکی پێویستە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکیەتی ، ئەمانەوێ ئەوەشتان بخەینەوە یاد کەوا ئیش‌کردن بۆ کۆبوونەوەی یەکەمین کۆنگرەیەکی نووسەرانی کورد ، لەوماوەیەدا کە پەیڕەوی ناوخۆی یەکیەتی دیناوە ، ئەرکێکی گەورەی مێژوویی‌یە باری ژیانی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان و تێکڕای گەلی عێراق ، خستوویەتیە سەرشانی هەموومان ، تا لەعاستی پێویستی‌یەکانی ئەم ڕۆژەماندا

شەرەفی ئەوەمان دەسگیر بووە کەوا لەسەر دەستی ئێمەدا هاتە دنیاوە ·· دەسا ئێوەش بیژیێنن و پێ‌ی‌بگەیەنن و بیکەن بەهۆی هاتنەدی‌ی هەندێ لە ئاواتە پیرۆزەکانی پێشینانمان کە لە مەیدانی وشەی جوان و دلگیری کوردیدا ئیشیان کردووە ·

سلاو لە یادی پیرۆزی ئەو کۆچ کردووانەمان کە ئالای بیری پاك و وشەی ڕووناکیان هەلگرتبوو !

سلاو لە بزووتنەوەی ئازادی بەخشی کورد کە لەدژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و چەوساندنەوەی پڕ عارو نەنگی نەتەوەیی – تێ ئەکۆشێ ·

سلاو لە نەتەوەی مەزنی کورد ·· لە گەلی خاوەن شان و شکۆی عێراق ·· لە نەتەوەی عەرەبی برامان ، لەم ڕۆژە پڕ لە خەباتانەیدا !

سلاو لە تێکڕای گەلانی جیهان ،کە بێ‌وچان تێ ئەکۆشن بۆ تێك‌شکاندنی کۆت و زنجیری ڕەژیمی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەو خوێن‌مژین ·· وە لەپێناوی سەرکەوتنی مرۆڤایەتی و بیرو باوەڕی بەرز و ئامانجە پیرۆزەکانیدا !

سلاو لە بیری شۆڕشگێڕو پێشکەوتوو ، کە مەشخەلی

یادی نەورۆز

هیشام طاهر بەرزەنجی

ئەوا ئەمڕۆ ·
بەناو کانگای گشت دلیکۆ ·
لە دەروونی ،
وەك ئالتونی ·
هەموو کوردێ ·
گۆرانیەك ئەروترێ ·
دێرەکانی ،
ووشە ئاگر دارەکانی
وەکو پشکۆی ·
ناو ئاگر دن ·
شەوی زستان ·
گری ئەوتوی ·
لێ هەل ئەکرێ ·
وەك خەنجەری زاخاو دراو ·
دەست پیاویکی پڕ لە پڕتاو ·
سنگی دوژمن هەل ئەدرێ ·

●

ئەوا لە سەر کام کیو بەرزە ·
چەن دێر نوسرا ·
ڕوون وەك چرا ·
« یادی نەورۆز »
جوانتر ووشەی دەم گەل و هۆز
یادی رۆژێ ·
لە میژودا باسی ئەکرێ ·
ئەو ڕۆژەی وا ·
کوشکی زۆری خستە لەرزە ·
ئەو درندەی مێشك هارەی ·
گەنجی ئەکوشت ·
خوینی ئەڕشت ·
بۆ تیماری ·
برینی سەختی بیمارێ ·

●

کاتێ نۆرە هاتە سەرخوی ·
دوا هەناسەی ·
پڕ لەتاسەی ·
کەوتە ئەژنوی ·
گەزی خامی پێ نەبرا ·
لاشەنی ڕەشی ·
تاوان باری ·
کەس نەیزانی ·
بۆ کوێ برا ·

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

مەبەس لە وتەی نەورۆز • سالی نۆ • تازە ، یان خۆشی مژدەو کارەساتی ،نۆیە •

جا : ـ

هەرچەند بەپێی نووسینی هەندیك لە نووسەرەکانی ڕۆژ هەلات ئەم ڕۆژە بەدرایی پێهاتنی زستانو خۆشی‌رزگاری لە سەرماو سۆلەو زوقموو سەهوڵ بەندانی‌رۆژ نی سەختی زستانە ، بەهاتنی بەهار، ژیانەوەی زور لەگیاندارو درەختوو گژو گیا :ـ

بەلام :ـ

ئەوەی راستی بێت ، بەپێی داستانە کۆنەکانی ینەچەو باوو باپیرمان ، نەورۆز ئەو ڕۆژەیە کە گەلی ئری لەزالی وە زەلالەتی : بیراسب ـ زوحاك : رزگاریان بوە :ـ

جا :ـ

ئەوەی بیسترەوە بوە بەزانین • ئەوەی زانراوە بوە بە پیشە ، ئیمەیش هەر لەو باوو باپیرانەمانەوە ئەم روژە بەڕۆژێکی پیروزی لە ناوبردنی زالێکی لە ناوبەری هەژاران زانراوەو لەو روژەدا مژدەی خۆشی ، شای ، گەشتوو سەیران بلاو کرایەوەو بوو بەپیشە :ـ هەز لەبیرەوەری خۆما ئەوەی کەبینیومە وانەزانم لە سال ٦٠ کەمتر نەبێت روژی ،نەورۆز ئەبوو بەجەژنی گشتی وروژی بەزمو ئاهەنگ• شەوی نەورۆز بەناوی پیروزیوە دوو پەنجەی کوڕ وەدەستوپێی کچۆلە لەخەنە ئەگیرا • بەرگی جوان جوان لەبەر ئەکرا • کار ئامایی سەیرانی سەرچنارو داری شێخەباز پێك ئەهینرا • بەشەقەی‌دەهولو زوڕناو چەپلە ڕێزان روو بەدەشت سلیمانی چۆل ئەبوو :ـ

ئەم روژە ، چۆن دروست ئەبوو • چۆن ڕائەبویررا ؟!

هەر لە سپیدەی روژا قوتابیانی قوتابخانەکانو مزگەوتەکان ئەکەوتنە رێك‌ـ خستنوو وتار نووسینەوە بەرەنگی سەوزو سوورو ئالووالا • بێگومان بەزمانی فارسی ئەکەوتنە ویژەو ووتار نووسینەوە وەکوو :ـ

نەورۆز شد نەورۆز شد
نەورۆزی ما ایمروز شد
بابەبدی نەو رۆزیەم

تا بەرخوری از روزیەم
وا ئەزانم پیویست ناکات

بەکوردی دووبارەی بکەمەوە : پارەی پێویستی سەیران کۆ بەکرایەوە • دانا ئاینیەکانی مزگەوتەکان ماموستای قوتابخانەکان بەخۆیانو قوتابیانەوەو (٣ بەشی‌شار) بەسواریو پیادەی بەبەزموو رەزمەوە ملی‌ڕێگایان ئەگرتو ئەگەیشتنە سەیران گاهەدن• لەوجیگا سەوزو ئاودارانە کەلە وینەی بەهەشت ئەدرەوشایەوە کۆمەل دانایانی ئاینی بەمێزەرە سپیە جوانەکەیانو روە پڕ خوشیەکەیانەوەو کوڕ گەلو لاوان بەکەسووکاریانەوە بە هەلپەڕکێ ورەش بەلەکو دەهولوو زورنا، سوارچاکانیش بەرمبازی‌وغارغارێن ، تاکاتی نیوە ڕۆژە ڕائەبویررا • پاش حەسانەوەیەکی کەم ، خواردن

نووسینی • احمد خواجە

بەهەرەمەیی وگشتی بەتێکەلی‌و خۆشیەوە ئەخوراو دووبارە ئاهەنگی بەزم دائەمەزرایەوە • بە کەوشەکو : قەلەمەردانە ، بابی‌بابی‌و زۆر یاری خۆمانە •

پێك هینانو وزربەی سوارەو قوتابی‌و خواردەمەنی لەلایەن خواجە افندیو ، قوتابخانەکەیەوە دروست ئەبوو • وە چوونو هاتنەوەیش نەژێر فەرماندەو یاسای خویدا بەڕێوە ئەبرا •

ئەوجا :

بو ئەوەی ئەم جەژنەو ئەم روژە پیرۆزە بەتەواوی ساخ ببێتەوە کە جەژنیکی پیروزو بەرێزی گەلی ئاریوە وینەیەکی دلێرانەی کورد پێشان ئەدات لەسەر نووسینی مێژو ،نووسەکان راستیەکەی ئەخەینەڕوو :

١ ـ آرثر کریستنسن : ئەلیت:

ئالاکەی کاوە ، ئالای دەولەت بوو • ئەو ڕۆژەی کاوە شۆرشی کرد • کەولەکەی (پێش‌گر) کرد بەسەری رمەکەیەوە « بیراسب ـ زوحاك »ی کوشت ، ئەو کەولە بوو بەئالای دەولەت وە (أفریدون کرابەشاه) •

٢ ـ طبری : ئەلیت :ـ

ئالاکەی کسرا لەپیستی پلنگ بوو • کە کەولەکەی کاوە یە (٨ گەزپانو ١٢ گەز درێژبو) •

٣ ـ یلمعی ئەلیت :ـ

ئیرانیەکان بەهۆی ئەم ئالایەوە کە بەزێرو گەوهەر رازابووە لە هەموو جەنگیکدا سەرکەوتوو بوون •

٤ ـ مسعودی : ئەلیت :ـ

وەکوو طبری ئەلیت ، ئەو ئالایە بەیاقوتو گەوهەرو زێر رزانرا بۆوە •

٥ ـ خوارەزمی : ئەلیت :ـ

ئەو ئالایە لەپیستی ورچیان شێربوە کە شاهەکان بەزێرو گەوهەرو ئەلماس رازانیویانەوە•

ثعالبي : ئەلیت :ـ

ئەو ئالایە (کەولەکەی‌کاوە) یان زور بەلاوە پیرۆز وبەرێز بوو • بورازانەوەی بەشتی‌ـ گران بەها لەرقەبەریدا بوون• لە روژانی جەنگدا هەمیشە پێشداری فەرماندە بەناوبانگو مەزنو گەورەکان بوو •

٦ ـ مطهر طاهر القدسی ئەلیت:

ئالاکە لەپێستی نرخدار رازانیو یانەوە •

لەپیستی بزن یان شێربوو•

٧ ـ فردەوسی، وردی ئەکاتەوەو ئەلیت :ـ

ئالاکەی کاوە لەگەل تاج ، نیشانەی شاهی‌بوو • لە جەنگدا لەژێر چاودیری پینج پیاوی بەرێزی (مەوبد)دا لەپیش شاەوە هەل ئەگیر • وەلە تەنیشتیەوە ئەچەقینرا • بەلام لەکاتی جەنگدا ئەدریە دەست‌ئازاترو دلیرترو نەترس: لەبابەت شاه (فەریدون)ەـە فردەوسی ئەلیت :

فارسی :

توبشناس کز مرز ایران زمین ـ مکی قرد بەنام او ئاتەبین زتخم کیان‌بودو بیدار بوو ـ خردمندوگرد وبی‌ئازار بوو کەتەهمورسی کورد بوو نژاد ـ پدر بر پدر همیداشت یاد •

فەریدون کوری ئاتەبین نەوەی تەهمورسی پیشدار یەوکوردن ئەم‌باسە لەنووسراوە چاپ ،نەکراوە کەماندا (کی‌یەـ کورد) نووسراوە هیوادارین بەچاپکراوی بیخوینەوە •

بەکوردویەکە :

نۆبناسە لەکیشوەری ئیران: مەردیك هەبوو بەناوی ئاتەبین

لەتۆدی کەیانی‌و بەئاگابوو: پیاو چاکو ئازاو بێ‌ئازار بوو

تەهمورسی کورد کەباپیری بوو : لەباوکو باپیریەوە وایادکرابوو •

٨ ـ ابن خلدون : ئەلیت :ـ

ئەم ئالایە بەجادووگەری نەخش کرابوو ژمیرەی ئەستیرەکانی پیشان‌ئەدا •

ئەمەبوو مەبەس‌روونکەرەوی باسی ئالاو کەولەکەی کاوە کەشانازی گەلی ئاریوە بەتایبەتی گەلی کوردە ئەم جەژنە رەنگە نیزیکەی دە دوانزە هەزار سال لەمەوپیش مەروایەتی ئەم گەلی کوردەیە • بێت‌کە جەژنێکی پیروزی دلیریو

نەورۆز •
نەورۆز •
نەورۆز •

چەکووشی مەلاس لە دەستی زبرا
چیروکی هیزی ئەو برسیانەیە
لەش ئەتوینەوە لەناو ئاگرا
« کاوە »م نموونەی ئەو داستانەیە •

****

کاوەی سەردەستەی چەوساوەی میژووم
ئەو بانگەی کەدای لەلووتکەی بەرزا
بۆنەوەی کوردی ئەمڕۆو داهاتووم
دەنگ ئەداتەوە لەگەل« نەورۆزا »

****

ڕەش‌و ڕووتی کورد ئارەقی رەنجیان
کردە سەر زەوی تینوی ولاتم
ئەوسا دروێنەی سەختی تی‌کوشان
بوو بە خەرمانی بەرهەمی مارتم •

شێرکۆ بێ‌کەس

تیشکی هونەر

لە بلاو کراوەکانی تیپی نواندو موسیقای سلیمانی « تیشکی هونەر » کەوتە بازارەوە ، بە بەرگیکی رەنگین‌و ڕازاوەوە، بێ‌گومان هەنگاویکی مەزنە لەڕێی خزمەتی هونەرو ویژەی کوردیەوە کەلەلایەن ئەم تیپەوەنراوە •

لە تیشکی هونەردا :

١ ـ چالاکی هونەر لەریزی قوتابیان •
٢ ـ دەرهینان ـ احمد دەنگ گەورە •
٣ ـ فولکلۆری نیگاری کوردی ـ عومەر عەلی ئەمین •
٤ ـ ستانسلافسکی‌و رەوشتەکانی شانو ـ حەسەن تەنیا •

ئەمانەو گەلی نوسراوی جوانی تر ئەخوینیتەوە •

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

هەستی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مستەفا بارزانی وەکو هەستی هەموو عیراقی یەکی دڵسۆز وایە

پێشمەرگە دڵسۆزەکانی نەتەوەی کورد کۆماری کوردو عەرەب دەپارێزن

بە هاوکاری پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە زووترین کات حوکمی زاتی جێ بەجێ دەکرێت

دوو ئەرك وا لە سەرشانی ڕۆڵە بەشەرەفەکانی کوردستان

× پارتیمانو خەباتی مەبەستی دووا ڕۆژێکی خۆشە بۆ هەموو مرۆڤێکی میللەتەکەمان •

× چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ نەتەوەی عرەب •

× چارەسەرکردنەکە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو فراوان کردنی چوارچێوەی هاوکاری هێزە نیشتمانی یەکان •

ڕۆژنامەی « هاوکاری » لە ئوتێلی بەغدادا چاوی کەوت بە دوکتۆر مەحمود عەلی عوسمان سەرۆکی دەستەی ووتو وێژکەر لەگەڵ حکومەتی شۆڕش گێری ١٧ی تەموزدا • لەو چاو پێ کەوتنەشدا ئەم گفتوگۆیە کرا :

پرسیار :
بەو ناوەی کە جەنابتان سەرۆکی دەستەی ووتو وێژکەرن لەگەڵ حکومەتی شۆڕشی ١٧ی تەموزدا دەتوانن هەستی مستەفا بارزانی دڵسۆزی میللەتی عیراقمان بۆ ڕوون بکەنەوە بەرامبەر بەیاننامە مێژوویی یەکەی ١١ی آذار :

وەڵام :
هەستی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مستەفا بارزانی وەکو هەستی هەموو عێراقی یەکی دڵسۆز وایە کە ئەم هەنگاوە بە سەرکەوتنێکی گەورە دەزانێت بۆ میللەتی عێراق بە عەرەبو کوردی یەوە •

ئەم هەستەش زۆر چاك ساغ بووەتەوە کە بارزانی بروسکەی ناردووە بۆ موهیب ئەحمەد حەسەن بەکری سەرەك کۆمارو سەرەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ی تەموز • هەروەها هەستی بارزانی لەو گفتوگۆیانەشدا ئاشکرایە کە داویەتی بە ڕۆژنامەکانو ئەژانسەکان •

پرسیار :
پاشە ڕۆژی پێشمەرگە بەشەرەفەکانی کوردستان چی یە ؟

وەڵام :
پاشە ڕۆژی پێشمەرگە بەشەرەفو دڵسۆزەکانی کوردستان ئەوەیە کە دەبنە بەشێك لە هێزی چەکداری عیراق جگە لەوانەی کە دەگەڕێنەوە سەر کاروباری ئاسایی خۆیان بەپێی مادەکانی بەیاننامەکە • وە پێشمەرگە دڵسۆزەکانی نەتەوەی کورد کە هەمیشە هێزێکی نیشتمانی پەروەر تێکۆشاوە بۆ مافەکانی میللەتی عێراق بەگشتی وە میللەتی کورد بەتایبەتی ، ئێستەش ئامادەیە بۆ پاراستنی کۆماری عێراقی کوردو عەرەب • وە هەروەها بۆ پاراستنی یەکێتی نیشتمانی ئەم وولاتە • هەروەها بە هەموو ووزەیەکی بەربەرەکانی ئیمپریالیزمو هەموو پلانەکانی دەکات •

پرسیار :
یەکێ لە بەندە گرنگەکانی ئەو بەیاننامەیە مەسەلەی مووچە برینەوەیە بۆ خێزانەکانی شەهیدان • ئەمە بەگشتی کێ دەگرێتەوە ؟

وەڵام :
ئەمە هەموو خێزانێکی کورد دەگرێتەوە کە پیاوەکەیان کوژرابێت لە شەڕی کوردستاندا ، چ خێزانی شەهیدانی پێشمەرگە بێت وە یان غەیری پێشمەرگە وەکو ئەهل ، وە یان هەتا ئەوانەی کە لە ڕۆژێکدا بەربەرەکانی شۆڕشیان کردبێت • وە ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئێمە خۆمان بە لێپرسراو دەزانین کە یارمەتی هەموو خێزانێکی کورد بدەین وە ژیانی بۆ پێك بهێنین وە هەموو ژنو منداڵە لێقەوماوانی کوردستان بێ فەرقو جیاوازی یارمەتی بدرێت ، چونکە پارتیمانە خەباتی مەبەستی دوواڕۆژێکی خۆشە بۆ هەموو مرۆڤێکی میللەتەکەمان •

پرسیار :
ماوەی جێ بەجێ کردنی حوکمی زاتی « ئۆتۆنۆمی » بۆ کوردستان کە بڕیاری لەسەر دراوە چەند دەخایێنێت ؟

وەڵام :
بە هاوکاری پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیو پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی ، بە زووترین کات دەمان گەیەنێتە جێ بەجێ دەکرێت • دەشتووانم بڵێم کە ماوەکە کورت دەبێت • وە ئێمە هەردوو لامان لە هەوڵ داناین کە بە چاکترین شێوە پەرە بدەین بە مافەکانی کورد کە دەستنیشان کراوان ، وە چەسپاندنی ئەو مافانە بە زووترین کات دەمان گەیەنێتە مافی گەورە کە حوکمی زاتی یە •

پرسیار :
بەو ناوەی کە جەنابتان سەرەکی دەستەی ووتو وێژکەرنو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانن ، ئێك حاڵی بوونی هەردوو پارتی پێشڕەو پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیو پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ چارەسەر بوونی مەسەلەی گەلی کوردمان بە ئاشتی ، تا چ ڕادەیەك لە ناوخۆو دەرەوەدا دری کەر دەبێت ؟

وەڵام :
بێ گومان تا ڕادەیەکی زۆر دری کەرە چونکە لەناو خۆدا ئەمە هەنگاوێکی گەورەو گرنگە بۆ بەهێزبوونی یەکێتی نیشتمانیو چەسپاندنی ئاشتی وە یەکێتی خاکو میللەتی ئەم وولاتە • وە دەبێتە هۆی ئەوەی کە میللەتەکەمان بتووانێت چارەسەری هەموو کێشەکانی تری ئەم وولاتە بکات وە پێشی بخات ، هەروەها ئەمە چاك ترین وەڵامە بۆ ئیمپریالیزمو پیلانەکانی کە دژی عیراق گێراویەتی وە یاخود دەیەوێت بیگێڕێت بەڵام ئەم چارەسەرکردنە لە لای دەرەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ نەتەوەی عەرەب وە خەباتی سەختی لە دژی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزمو کۆنەپەرستی •

هەروەها جوولانەوەی میللەتانی جیهان دژی ئیمپریالیزم بەهێز دەکات وە ئەڵقەیەکی تازە دەخاتە سەر زنجیرەی خەباتی ڕزگاری خوازی گشت گەلانی جیهان وە پایەی عیراق لە دەرەوەدا زۆر بەرز دەکاتەوە •

پرسیار :
ڕاتان چی یە بەرامبەر بە مەسەلەی یەکێتی نیشتمانیو بەرەی یەك گرتوو ؟

وەڵام :
پارتیمان هەمیشە هەوڵی داوە لەبەر ڕۆشنایی پرۆگرامی ، یەکێتی نیشتمانی عیراق بەهێز بکات وە هەروەها بەرەی نیشتمانی بە هەموو هێزە سیاسی یە دڵسۆزەکان وە بەتایبەتی لە هێزە پێشکەوتن خووازەکانی ئەم وولاتە پێك بهێنێت • بۆ ئەم مەبەستەش هەڵبەستی سەرەتای نێراوە چ لە لای ئێمەدا وە چ لە لای ئەوانیدا • چونکە بڕوای هەبووە کە گەلەکانی میللەتی کورد بەشێکن لە مافەکانی میللەتی عیراق بەگشتی ، وە هەموو جۆرە یەکێتی یەکی میللەتی عیراق وە هێزە نیشتمانی یەکانی جگە لەوەی کە دەتووانێت دەنجەکانی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عێراق بە چاكترین شێوە بهێنێتە دیو بیانپارێزێت ، ئامانجەکانی گەلی کوردیش زیادتر دێنە دیو پاراستنیشیان زۆر ئاسانتر دەبێت • وە ئێستەش ئەم چارەسەرە کە ئاشتی لە عیراقدا جێگیر کرد وە هاوکاری نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی چەسپاند ، هەنگاوێکی گرنگە بەرەو فراوان کردنی چوار چێوەی هاوکاری هێزە نیشتمانی یەکان وە ئومێدمان وایە ئەم چووارچێوەیە بە شێوەیەك چەسپاوو فراوان ببێت کە هەموو هێزە پێشکەوتن خووازەکانی ئەم وولاتە بگرێتەوە •

پرسیار :
ئامۆژگاریشتان چی یە بۆ میللەتی کوردمان لەم ڕۆژە گرنگو ناسکەدا کەوا ئاواتی هاتۆتەدی ؟

وەڵام :
لەم ڕۆژە گرنگو ناسکەدا دوو ئەرکو فەرمانی بنچینەیی وا لەسەر شانی ڕۆڵە بەشەرەفەکانی کوردستان ، بە بێ جیاوازی •

یەکەمیان : خەبات کردن بۆ پشتگیری کردنی ئەم چارەسەرە ئاشتی خوازی یەی کە هاتە دی ، وە بەهێز کردنی یەکێتی نیشتمانیو برایەتی کوردو عەرەب ، وە پاراستنی کۆماری عیراق ،وە بەربەرەکانی کردنی پیلانەکانی ئیمپریالیزمو نۆکەرەکانیاو بەهەموو هەوڵ و تەقەلایەك شان بەشانی گەلی عەرەبو هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عێراق • وە بەهێز کردنی هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی وە هێزە نیشتمانی یەکانی تری عیراق •

دووهەم : بەهێز کردنی یەکێتی ناوخۆی میللەتی کورد وە کۆکردنەوەی هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان لە دەوری کوردستانو لە دەوری ئالای پارتی دیموکراتی کوردستانو سەرۆکی قارەمان کاك مستەفا بارزانی ، وە فراوان کردنی گیانی ئەم یەکێتی یە بە شێوەیەك کە تێ بپەڕێت بەسەر هەموو ناتەواویو هەڵەو خراپەی کۆندا وە لاپەڕەیەکی تازەی برایەتیو دۆستایەتیو هاوکاری لە نێوان هەموو ڕۆڵە دڵسوزەکانی کوردا بکاتەوە ، بۆ ئەوەی بتووانین لەم قوناغە ناسکەدا کە پاش خەباتێکی سەختی خوێناویو تووانراوە هەندێك دەستکەوت بهێنرێتە دی ، هەموومان یەك بینو ماوەی دوو بەرەکیو دژایەتی نەدەین • وە پارتیمان بە سەرۆکایەتی بارزانی بڕوای تەواوی بەم سیاسەتە هەیە

بڕوانە ل ٧

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز •

مێژووی نەورۆز

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

نەورۆز رۆژێکی کۆنی تەریخە ، بێجگە سەر ئاشنایەتیەی کە لە کورداهەیەتی و لە مەو دوا باسی ئەکەین لە لایەن داهاتنی ئەم رۆژەوە ، گەلێ سەر گوزەشتە هەیە یەکێك لەو نە ئەڵێ :ـ

« جەمشید » پادشای چوارەمی پێشداری لە پێشا ناوی « جەم » بو • جەم لە زەمانی پەهلەوی کۆندا بەمانا پادشای گەورە و بەدەسەڵاتە • رۆژێك لە گەڕانەوە کە یا کە سویری دنیای ئەکرد گەیشتە ئازربایجان ، فەرمانی دا تەختێکی « مرصعیان » لە شوێنێکی بەرزی رووەو رۆژهەڵات بۆ دانا ، خویشی تاجێکی مرصعی لە سەرکردو لەسەر تەختەکە دانیشت لە پێش هەتاو کەوتنا خستەئەو ناوە • خەڵکەکە ئەو رۆژەیان بە رۆژێکی روناکترهاتە بەر چاوو ، ووتیان ئەمە رۆژێکی تازەیە • لەزمانی پەهلەوی کۆندا « شید » بە مانا تیشکە ،هاتن ووشەی « شید » یان نایە پاڵ « جەم » بو بە «جەمشید» و بەو رۆژەشیان وت رۆژی « نەورۆز » ئەورۆژەش بەر (١) مارت کەوت.

سەر گوزەشتەیەکی تر ئەڵێ :ـ

لە دەوری پادشایەتی کردیان بە پادشا ، خەڵکی (بیوراسب ـ ئەژدەهاك) زۆر و ستەم بە تەواوی مەراس بە خەڵك هەڵگرتبو ، هەموو رۆژێ ئەبوایە دوو کەسی بۆ خۆراکی مارەکانی سەرشانی «ئەژدەهاك» سەر بیڕایە « کاوە »ی ئاسنگەر نۆ کوڕی هەبوو ، هەشتیان سەر بڕرا بوون ، سەرە هاتە سەر نۆیەمینی کە « قارن » ی جگەر هەڵیگرت و پارچە ناو بو ، ئیتر کاوە ئاگری هەمانەکانی کرد بەسەر دارێکەوە و عێل جاڕی کرد ، هەموو خەڵکی ووڵات لێی کۆبونەوە ، چون ئەژدەهاکیان گرت و لە کێوی « دەماوەند » خستیانە زیندانەوە تامرد • ئینجا « فەرەیدون » یان هێناو ئیتر ئەو رۆژە ـ کە رۆژی سەرکەوتنیان بو ناویان نا بە « نەورۆز » •

مێژوو نوسەکانی عەربیش ئەڵێن دروستکردنی عالەم و دروستکردنی ئادم هەر دووکیان بەر ئەم رۆژەکەوتون کە پێی ئەڵێن رۆژی نەورۆز !

وەکو « تەبەری » و « مەسعودی » و « مەقریزی » ئەیگێرنەوە ئەم رۆژی نەورۆزە لەدەوری کەیانیەکانا بەسەری سالی تازە دانراوە و هەموو جۆرە زەماوەن و ئاهەنگێکیان تیایا گێڕاوە • تەنانەت لەم ئاخرەشا « معتضد »ی خەلیفەی عەباسی لە دەوری ئیسلامیدا ویستی ئەم چەژنە هەڵگرێ پێ نەکرا •

(حمزەی ئەسفەهانی) ئەڵێ بۆ (سوور و سات) و خەراج رۆژی نەورۆز کرا بو بە سەری سال وە ئەو وەختەش بەر (١٨)ی حوزەیران و یەکەم رۆژی زیلقعدە ئەکەوت •

(متوکل)ی عباسی هێنای دوومانگی پێش خست •

لەدەوری (ملکشاە) ی سەلجوقیدا تەقویم گۆڕرا و دیسان نەورۆزیان بە سەری سالی تازە دانا ـ ئەو وەختە بەر (١٥)ی مارتی (١٠٧٩)ی میلادی و (١٠)ی رەمەزانی (٤٧١)ی هجری ئەکەوت •

ئینجا ئەمێنێتەوە سەر ئێمە و نەورۆز :

ئەوا چاومان لەوە پۆشی کە ئەمانە زۆریان رەنگبێ بەرگێکی ئەفسانەیان بە بەرا کرا بێتن، بەلام نی یە هی وا هەبێ بلێ نەورۆز هی فارسی بوە و چە ئاشنایەتیەکی لەگەل کوردا هەیە ؟ لەم روەوە باوەری من لەمەیە :ـ

جارێ کورد و فارسی هەر دووکیان ئەو زنجیرە لێشاوەن کە لە دەور و بەری (٣٥٠٠٠) سال پێش میلادەوە بەسەر شیمالی قەوقاس و دەریای رەشدا بەرەو خوار بونەوە بۆ ناو بانی رۆژئاوای ئاسیا • لەمانە هەندێکیان لە دەشتەکانی ئێرانا مانەوە لە ئاخرا (پارس) یان لێ دروست بو ـ کە (هەفامەنشین) یەکان ئەچنەوە سەر ئەوان ـ

نووسینی :
مامۆستا
علاءالدین سجادی

هەندێکیان بەرەوشتی کۆچەرایەتی کەوتنە کێوەکانی « زاگرۆس » لە ئاخرا « ماد » یان لێ دروست بو ـ کە کوردەکان ئەچنەوە سەر ئەوان ـ کەوابوو هەر عەنعەناتێك بۆ هەر لایکیان ببێ ئەوی تریان تیایە بەشدارە •

ئەمەو لەمەش روناکتر بۆ ئاشنایەتی بە نەورۆزەوە ئەوەیەکە :ـ

کورد قەومێك بوون هەر لە بەرەبەیانی مێژوویانەوە ژیانیان لەگەل مەڕو و مالات و چووت و گادا بووە • ولاتەکەیان ووڵاتێکی کوێستان و ساردە لە گەلێ شوێنا نزیکەی شەش مانگ سەرما و سەهۆل بەندانە ئەمالات دەر ئەچێ ، نە چووتو کێشە ئەکرێ ، کە رۆژی نەورۆز هات و مژدەی ژینەوەی گوڵ بۆ مالاتەکەیان و رێ کردنەوەی چووت و وەرد برین بۆ پەیداکردنی خۆیان دێنێ •

دیسان تەبیعەت پەردەیێکی رەنگاڕەنگتر بەسەر ناوچەی کوردستانا دێنێ ، لەبەر ئەمە هەموو جۆرە زەماوەند و ئاهەنگێکیان لەو رۆژەدا •

هیچ قەومێك لە عەنعەناتی قەومی بێ بەش نەبووە • کوردیش ئەم رۆژەیان بەهۆی دەرکەوتنی سەرچاوەی ژیانیانەوە تیایا کردوویانە چەژنێکی قەومی •

رۆژی « شم النسیم »ی میسرو « دورة السنة »ی عێراقیش هەر ئەو بۆنەی لێ دێ بویە کردویانە بە رۆژی ئاهەنگ و جوونە دەرەوە بۆ سەیران •

چەژنی رەسمی رۆژی زۆر جوان لێ بکۆڵینەوە لە نەورۆزیش لە ئێرانا ئەگەر تەنها هەرای مەڵبەند نەبێ هیچی تر نیە •

کەابو رۆژی چەژنی نەورۆز بەرانبەر بە کورد نە شتێکی تازە داهاتوە ، و نە شتێکی بێگانە وەرگیراوە ، بەلکو ئەنجامێکی ئاو و خاك و هەوا و عادەتێکی رووتی قەومیە و هیچی تر •

نەلەکەس وەرگیراوە ، وەنە دەستێکی تێوە ژەندراوە ، مانێکی خۆمان بووە ، ئەگەر ماوەیەك ونمان کرد بێ لەم ئافرەدا دۆزیومانەتەوە •

علاء الدین سجادی

ـ ئەم ووتارە بە دەقی خۆیەوە لە رۆژنامەی (ژین)ی ژمارە (١٣٣٧) سالی (٣٢)ی رێکەوتی (٢١ـ٣ـ١٩٤٧) • وەرگێراوە



لەهەموو وەرزێکا کوردستان رازاوەیە

پاشماوەی ل (٧)

وە باوەشی کراوەیە بۆ هەموو رۆلەیەکی کورد وە یا هەر دانیشتوویەکی کوردستان کە بیەوێت خزمەتی ووڵاتەکەی بکات وە بڕوای بە بەیاننامەکەی ١١ی آذار هەبێتو هەوڵی دلسۆزانە بدات بۆ جێبەجێ کردنیو هەموو دەرگایەکی لێبوردنیش لە کردەوەکانی کۆن بەردەوام لەسەر پشتە • هەروەها پێویستە زۆر رێزو هاوکاری هەبێت بەرامبەر کەمایەتی یەکانی ئایینیو نەتەوەی لە کوردستاندا ،وەکو برایانی تورکمانو ئاشوریو کەمایەتی یەکانی تر ، بۆ ئەوەی ئەم میللەتەی عیراق بە کوردو عەرەبو کەمایەتی یەکانی یەوە یەکێتی یەکی نیشتمانی پۆلایین بهێنێتە دی تا ئیمپریالیزمو نوکەرانی پیلانەکانیان هەرگیز نەتووانن زەفەری پێ ببەنو ووڵاتە مەزنەکەی عیراقیشمان هەر سەر بلندو سەرکەوتوو بێت !

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

هەمەڕەنگ

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز •
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز •
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز •

ئامادەکردنی **علی نقشبندی**

نوی ڕۆژ

ابەلکی گەنەکێت هەیـــن پسیار د کەن ئان دێ لێ گەرن کا ئەڤ روژە چ یە و بوچـــی کورد ڤێ روژێ د کەنە جەژن و هندەك د بێژن کو ـەڤـــە جەژنا (عەجەما) یە ما مـــە شولە پێ یە هندەکێت دی دێ بێژن کورد چ روژێت جەژنێ نینن ئەف روژە یا ئاگر پەریسا بە ! ما مە چ شول پێ یە ئەم بوسولمانین • بیستو ئێکێ ئاداری روژا ئیکێ بە ژ روژێت بهارێ لناف کوردستان • دەمێ گوهورینا دژواریا (بایـە) و سەرێ گەرماتیا (ئـاڤێ یە) و کەل بوونا (عەردی یە) لناف هەمی جهێت کوردا • گەلـەك چیرۆك و چیڤانوك ێت پێ هاتینە گوتن ، بەلێ یا ژ هەمیا بەلاف تر چیروکا گێوی بە د گـــەل ئەژدەهای بیستو ئێکێ ئاداری دەمێ کولیلکو گیا شین بونی بە لبەطەن و بەیارا دەمـــێ بشگفتن و یەڤینا بەکێت دار و بارا یە دەمێ دل خوش بێ و سیران گەها یە مـــروڤ و حەیوانەن دەیر و طەیال دێ تێر خوون و دێ دەرکەڤـن ژ کون و مەوطەنێت خو دێ قەستا جهێت گەرم و بگیا و دکـــاك د کەن • لبەر لێڤێت ئاڤـــا لناف تەراش و عەردێت راست دێ بینی کوچەری و رەڤەندی کو کەیفا وان یا هاتی چنکو بەر بەرکێ بهارێ یە و دێ بدلێ خو گەرینی و دێ خوش نڤن ، دێ خوش بینی دوکێلا ئاگریت وان یا قلوز بوو یـە بەر عەسمانا بچیك و تـولاز یێ خو پسەر ڤە تاڤێن بکەنی و یاری ڤە ، و هندەکێت دی پێ نانی و پێژن سێهل بدەست نە کەفتیە پێ هەڤیرێ خـــو لسەر بەری تکەن و یێ نانێ خو پحەلانی ڤەددەن ، چیکتینا پیك و زورنابی پێ پسەر چیا ڤە دچیت • دەنگێ سترانێـت بێری و شڤانا ێت تژی منهال و گەلیا دبن •

سەرێ بهارێ لناف هەمـی ملەتێ کوردا روژەکا دیارە ، مالا پاقژ دکەن ژ قریـــژا ژڤستانی جەریفکی لکاشخانکا ددەن تووز و دوکێلا ژێـــت وەرینن ، نڤینی و راێخستنێ دا تقوتن ژ بیهن و بوویـــت زڤستانێ ، زڤستانا کـــوردا گەلەکا درێژە یا پزەحمەتـــە بو کرێکار و رێنج بەرا • بهار یا خوشە چنکو پاشـــي وێ هاڤینە ، دبێژن لجهێ (شەمدینا) ئێك هەبو ناڤێ وی کیوو بـــو ئەوی خەلکێ وی جهێ خـــلاس کرن ژ نەخوش پێ • دبێژن هەمی روژەکێ د ڤیا سـەرێ ئێکی ژێ کر با بـــو وی ئەژدەهای ، دیارە کێوو بـــێ ژوان عاقل تر بو دبێژن رابو وچەکوچێ خو هەلگرت جوتیار و کرێکارا دا دیف و ئەژدەهار کوشت ، ئەگەر وە بیت دبێژن ئەڤە ٢٠٠ سالا پێشی بونـــا (عیسای)یە • ماوەکی ملەتێ (مصرێ) حەتا بەری ماوەکـی هەر سال ژنـەك بو (نیلي) تاڤیتە تێ دا دا سل نە بیت ، دیارە ئەڤ هزرە دسەرێ گەلەك ملەتا دا بو لچاخێت پێشیێ هەچکو مە گـوە لێت بیت ژ گوتنێت پیرە ژنا کو دونیـــا یا لسەر پشتا گا ماسی هەکە خو وەرگێریت دێ دونیا یێ سەرێك و بنێك کەت هەکـو خو دلڤینیت دێ بیتە (بیڤـــە لەرز زەلزەلە) پا هەکە وەبیت ما مروڤی حەق نینە ئێکی ژ هزارا بدەتە گاماسی دا خـــۆ نەوەرگێریت دا هەمی پێکڤە نە خەندقن • ئان وەختێ پیرهەڤیا و پیریت سیحرا دکەن ئـــان دەرمانا دئینت ژ چین‌و ماچینا، کافرێ بلنگەکی کو یێ گیایێت پشتا سیمەرخێ یێ گیایـــت دەرماناتینیت‌وەختێ‌مەکولێدبیت سەرکرینك و دێوو یێت هەین، ئان وەکی هەیق د غەیریت مە لسهلێ ددا و تڤەنگ دهاڤیتنی دا حویت بترسیت و هەیڤێ بەردەت ، ئو گەلە شولیت دی ژ ڤی رەنگی کو عەقلێ نوهـو ئان وەکی هەیف د غەیریت مە گەل ،نەرێژن بشەڤێ دا ئەجنا نەسوژی و شەیتانی عاجز نە کەن ••• بەلێ ئەڤێت هەین راستە شەیتان ئەو هزرێـــت خرابن کو بێت بو دلێ مروڤی چێدبن ئو کریارا شولێـــت کونەهە ، ئە جناژی مـــروڤ نابینیتن حەتا کو «دین» نەبیت بەلێ خوزی من زانی با هەکو مروڤ دین دبیت پاشی دبینیت ئان مروڤ دبینیت پاشی دین دبیت ••• رجادکەم هەکـــە ئێك ژ خاندەڤارا بزانیـــت بو من بنڤێسیت •

نەورۆز ئەڤەیە

ئەی کوردستان سەر هەلینـــە
مزکینی لتـــە هـــات بهار
تـە پیروز بیت هزار جـــارا
مژدەکـــان بو تە دیـــار
رێبـــە رێ مـــە (مصطەفایە)
ئەم سەربەست بوین و رزگار

★ ★ ★

ئـەو بهارا هنـــدا گولخـان
بێهنـــا وێ کەفتـی وەلاتـی
روژەکا سەربەست و ئـــازا
ئەڤـــرو یا بو مـــە هـــەلاتی
هەیڤەکـــا شینکاتی خـــازا
ازازی بو یە بڤی خـــەلاتی

★ ★ ★

وبێن چیا دێ بێژنـــە دەشـــتا
وەرگـــرن هـــوین ئاشـــیتێ
هەلگرین پێکڤـــە چرایـــا
رون بکەن ڤێ راســـتیێ
شـــادی هاتن بگازیـــا ئەم
دەم بـــدەم مـــاین لهیڤی یێ

★ ★ ★

هیڤی مێنـــە بو ڤی مافـــی
کـــو رێبـــەر بـــو بارزانی
تە کرن رێزگـــار هەمی کـــورد
بخەنجـەرا ســـپی کـــەرمـــانی
ئـــەی شـــڤانێ هەمی ژارا
توو ســـەروکێ هەمیـــانی
دەنگێ شـــێرو نیچـــیر ڤانـــا
روون ببون ئەڤـــرو وەطـــەن
قـــەت چ گریـــا هوین نە هێلن
ابهەڤبـــەری پێکڤـــە ڤەکـــەن
چی نەیارێ مللـــەتێ کـــورد
سیخورێ ژدیـــڤ ڤە نە کەن

★ ★ ★

سیســـنا ئاشتی گولـــێ بـــو
هەمیا پێکڤـــە کر هـــەوار
سنبلا بیهنـــێ برەشـــینن
بـــوو کوردستانـــا رزگـــار
دڤێت نەمینن قەت چ دژمـــن
دێ مـــرن هەردو نەیـــار

★ ✲ ★

بجملـــە پوور و کەو و سیسکا
کوردستانـــا خـــەملاندی
شنیڤە بـــون چەنـــد رەزکو چیمەن
ئەو رەزێ نە بو مە چانـــدی
ئەی سەروکێ کوردســـتانێ
تە ئەڤ دەرسا بوو مە خانـــدی

★ ✲ ★

بارزانی بســـەر داریـــا تـــە
خوشی هات بو پیر و جانا
ئەم هەمی بـــوو ملەتێ کورد
دێ چینین حەودێـــت رحانـــا
هەلکێشـــن رهێت نـــەیـــاری
ابرینن ڤـــان ئێشو ژانـــا

★ ✲ ★

چیا هەمیـــا دەنگ ڤـــەدا
گـــوت مصطەفا بارزانیـــە
بومە کـــوردا وی ژادل کرا
پێشـــەوایێ پارتیـــە
ژی درێژ بی ئـــەی ســـەروك
مە ژ خـــودێ ئـــەو هیڤیـــە

★ ✲ ★

عبدالباقي البرواري

نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

هەڵبژاردەی نەورۆز

داستـــان

عبدالله عباس

نەتەوەی کورد •
زۆریان لی کرد •
مل کەچ بکەت ..
درۆین کرد •
ووتیان وامرد ..!
نە : ووتیان نیە ..
هەر نەبوە ..
کورد ؟!
ئەم ناوە لە هیچ شـــــوینی
نەنوسراوە ..
لەوەش زیاتر •
ووتیان کورد !
درندەیە !
بێ ئاینە !
چاکەی نیە !
بەم برو بیانوانەوە •
تا توانیان •
کوشتیان •
بریان •
ویرانیان بەرپاکرد !
ئاگرو ئاسنیان بەسەرمانا
باران •
بەلام راستی ..
چاوەکانی هەر کوێر نەبو ..
کورد ..
لەناو گەرداوی دزودا •
نەتوایەوە ..
کورد .. گوم نەبوو ..

روژی ..
زور زوو .. بەر لەئیستە ..
« باوری ڕوونا‌ك .. »
« کردەوەی چاك .. »
«رەوشتی پاك .. »
لە بەرزی شاخیکەوە ..
لە بەرزای شاخیکەوە ..
لە خاکیکا « ناوی لی نـــرا
کوردستان » •
سەری دەر کرد ..
و بە رووناکی ریگامان ..
تاریکی ری‌ی رون کردەوە ..
لەو روژە وە ..
« کوردایەتی »
لەدایك بو ..
لەو روژەوە خومان ناسی ..!
ریگامان گرت ..
«کوردایەتی» زنجکەی شکان..
مەشخەلی « نەوروزی کاوە » ..
تاریکی ڕوونا‌ك‌کردەوە !
کەوتینە ری ..

ووتیان :
« کوردایەتی » مانای‌نیە •
خەیالیکە دروست کراوە •
کورد !؟ هەرنەبوە ..
ئەی باوەرو شورش‌و راپەرینی
لەکوێ‌بوە ؟!
مردن ..!
بەندیخانە !
بومبا باران !
کوشتن ، برین !
بەرەو ری‌ی ئەم کردە بوە وە !
هەلویستەیەك !
بابپرسین !
ئەنجام چی‌بو ؟!

ئایا کورد مرد ؟
ملیونی بەیەکجار کوژران
هەزاران شوین ویران کران ..
ســەدان لەســەر سـیدارە
ریزکران ..
لە شاریکا ..
لەیەك روژا ..
نەما بـــەرگی رەشی ماتـــەم
لەبەرنەکا !
ساوا لەناو بیشکەدا ..
نەوتو بەنزینی پیاکرا ..
ئەمە کرا .. ئەوە کرا ..
بەلام « کورد » هەرما ..
« بەهارو نەوروزو ژیـــــن‌و
خەباتی » لی نەبرا ..
ئەی کوردی مەرد •
هەموو ئەوەی بوم باس کردی
هەموو بوەو رویان داوە
هەندیکی وا لەبەر چاوە
ئەوانی‌تر •
لە لاپەرەکانی میژوی
کونی ئەم گەلە نوسراوە ..

ئەمرو ..
لەدووای هەموو ئـەو ڕووداوە
کورد هەرماوە ..
لەوەش زیاتر ..
ئەمرو هەنگاو نانی نەتـــەوەی
کورد ..
جیایە لەوانەی کەرابورد
تی‌گەیشتین ..
ئەگەر شانازیمان
بە رابووردووی روشتوەوە
بو ئەوەبیت کەوا بومان
نەك ئەمان بیت ..
بی‌ی هەموومان لەقوراوی
نەگبەتیادا ئەچەقیت ..
ئەمرو کورد
پی‌گەشتوە ..
وریاو ..
بەهەست ..
تی‌گەشتوە ..
بەڵێ : مەڵێن دواکەوتوین
مەلین لەسەرەتای ڕێ‌داین
دلنیابن •
لەگەل ئـــەو هەموو ڕوداوەی
بەسەرمان هات‌و بەسەرمـــان
یەت •
دلنیابە
چاك ئەزانێ !
بەرەو کام ئاسو مل ئەنی ..

رۆژا کو دەبوویە عیـدی نەوروز
تەعظیمی ژبـــو دەما دل ئەفروز
صەحراو چەفەن دەکرنـــەمەسکەن
بەیداو دەمەن دەکرنـــەمەسکەن
بەیداو دەمەن دەکرنـــەبولشەن
دەورا فەلەکی بەخـــتی‌فەیروز
دیسان کود نەما ژنـــوو نەنەوروز

ئەحمەدی خانی

یادی تۆ نەورۆزی .ـزدی‌ژیان
یادی هەڵسانی هەر ران‌رەنجبەرن
کردەوەی «کاوە»ی دێر.قــرەمان
بێ‌گومان ئیسپـ .. .. ..ۆ میللەتن
شۆڕشی خوێنیـ. بەس
بۆ کەلان فەریا دەرس •

دڵـــزار

نەورۆز گوڵاڵـــەی نایـــەسەر پەرچەم
نێرگسی ڕشتە دەشت‌وکەنار چەم
لەگەڵ توانەوەی سەهوڵاچرۆ
تیایا توایـــەوە پرشنگی‌ئاسۆ
ئەم ڕۆژە تەنیا بۆ بەهارنیـــە
هەر جەژنی گوڵ‌و لاڵـــەزار نیە
یادی ڕۆژێکە کـــوردی‌قارەمان
قەڵا سەختەکەی دوشمنی‌ڕمان
کورد دلێرانە خۆی ئەدا بە کوشت
بۆ ئازادی‌بوو خوێناوی ئەڕشت

کامەران

بەهاری ژینـــی
ئـــازادی
« دایکی ڤیان »

ئەوا بەهاری نازەنین
بەهاری ئازادی شیرین
نەورۆزی کامەرانی ژین
هاتنەوە دەم بە پێکەنین
ئاوازی بە ســـــۆزی‌شمشاڵ
ڕووی ئاسۆی نازەنیـــنی‌ئاڵ
گوڵاڵەی دەم کەژو قـــەدپاڵ
ئەبزوێنن هەست‌و خەیاڵ
ئەی بولبولی جوانی ناوگوڵ
بفرە لـــەم چڵ بۆ ئـــەوچڵ
بە دەنگت بسرەوێنە دڵ
زوحاك هیوای بردە ژێـــرگڵ
لـــەم ڕۆژە بوو پڵنگی‌کورد
کاوەی ئازای بە دەست‌وبرد
هەڵمەتی بۆ سەر زوحاك‌برد
تۆوی زۆرداری لـــەناوبرد

نەورۆزو .. چاوەڕوانی !

ئەحمەد تاقانە

دوژمنانی گـــەل وەرن ئەمجارە مەرگی ئێوەیە .. داری مێژووتان بـــەرێکی تاڵ‌و کرچی پێوەیـــە ! دوێنێ خوێنی ڕەنجبەرو جووتیار ئەبوو بۆتان بەمەی ڕەوڕەوەی ڕۆژگار ئەسووڕێ ، ئەومەیە ئەمرۆ وەیە ئەوتەلارەی وابناغەی لاشەبوو ڕووخا .. نەما .. جێگەتان ژێرپێ‌یە ، گۆڕتان ژێر گڵی ئەو شییوەیە ئاگری نەورۆزی هۆزم بەندە ئەمرۆ شادە گـــەل باوەڕم خۆراکە بۆ ژیینی بڵێسەی .. مییوەیە !! خۆری چیینی ڕووت‌و برسی واهـــەڵات‌و دەرپەڕی چاخی مەرگی سییخوڕی بێ‌بەینەتی بـــەد شێوەیە خاوەنی خاك‌و زەوی جووتیارو ئالـــەو ڕەنجبەرن مەشکەژەن ئەمرۆ بەنرخەو شاگوڵی ئـــەم کێ..ە جەژنە نەورۆزی ژیانی نوێیە ، گـــەل ئازادە.ە چاەە ڕێ‌ی مـ.ژدەی بەهارو هەڵمەتی ئەو دیـوەیە

نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز
نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز
نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەوروز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز · نەورۆز

ئاگری نەورۆز

کوردستان بەهەشتی زەمین
جێی تیکۆشانو ڕاپەرین
مەلبەنی کاوەی قارەمان
کوردستان ، کوردستان
ئەی نەتەوەی کوردی دلیر
ڕۆڵەی نەبەردو بێچوەشیر
هەستە هەستان دەرمانە بۆ
دەردو ئازاری جەستەی تۆ
کوردستان ، کوردستان
وانە نەورۆز جەژنی کەلە
ئاسۆ ڕازا وەی دەمکەلە
با نەورۆزو بەهاری کورد
پێ گەینین بەدەستو برد
کوردستان ، کوردستان

محمد صالح دیلان

ڕۆژی نەورۆز جەژنی سەربەستیو خەباتی میللەتە
وەک نیشانەی لابەری کۆستی هەژاری مەینەتە
جەژنی نەورۆز خوێنی دلمان تێکەلاوی بەستەتە
ڕێیە بۆ سەربەستی بڕوا دیارە سەختو زەحمەتە
لاپەڕەی مێژووی وڵاتمان میللەتی جوانەوە
یادی ·· سوورو گەش دیارە بە ڕۆژی لا ئەوە

کاکە شوان

ئاگری نەورۆز بە دارو چیلکە با نەکرێتەوە
با لە ناو جەرگەی دلی گەنجا گڕی بەرزبێتەوە
جەژنی ئەم سالمان تروسکەی ماوە گەر نەکوژێتەوە
جەژنی ئەم سالمان تروسکەی ماوە گەر نەکوژێتەوەو
لاوی کوردستان لە بەزمایە بە هۆی نەورۆزەوە
شادی یەک پێشان ئەدەن گەر وون نەبێو نەکشێتەوە
جارو بارێ هێزی شادیمان تەکانی خۆی ئەدا
ئاخری ئەم کۆتە ئەشکێو شوێنی خۆی ئەگرێتەوە
بێتو بڕوامان بە خۆمان بێو ئیتر ڕێ وون نەکەین
ڕێگەمان هێجگار نزیکە بەر لەوەی شەو بێتەوە

مەدهۆش

دەستەی قوتابی کچو کوڕی وورد
نەوەی کەلوررو زازاو هەموو کورد
لە قوتابخانە شێرانە وەک گورد
ئا ئەم بەیانیە ئەمەیان ئەووت
وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ دۆستیش بە شادی
بژیو ببینیت ڕۆژی ئازادی

ا· ب· هەوری



دوو دیمەنی جوانیتری کوردستان

بۆ ئاگاداری
لە دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتیی نووسەرانی کوردەوە لەبارەی شوێنی وەرگرتنی ئیستیمارەی داوای بوونە

ئەندامی یەکیەتییەوە
برادەرە خوشەویستەکان !

بریار دراوە ئیستیمارەی داوا کردنی بوونە ئەندامی یەکیەتی لەم شوێنانەی خوارەوەدا ، دابنرێ :

بەغدا – لای هەموو ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر ·

سلێمانی – نامەخانەی پیرەمێرد ، گەلاوێژ ، ژیوەر ، پرشنگ ، سلێمانی ·

هەولێر – نامەخانەی خۆشناو ، هەولێر (اربیل) · وە لای نووسەر کاك محمد مولود (مەم) ·

کەرکووك – نامەخانەی ئاسۆ ·

خانەقین = نامەخانەی سیروان ·

دهۆك – نامەخانەی دهۆك ·

جا تکا لەو برادەرانە ئەکەین کە ئارەزوویان لێیە ببن بە ئەندامی یەکیەتی ، ئیستیمارە لەم شوێنانەی سەرەوە وەربگرنو ، پڕی بکەنەوەو ، بەیەکێك لەم دوو ناونانیشانەی خوارەوە بۆمانی بنێرنەوە :

بەغدا بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕێگاو پردەکان ، لە نزیکی کۆشکی ئەنجومەنی نیشتمانییەوە ، مامۆستا جمال بابان یارمەتیدەری بەڕێوەبەری گشتی · تەلەفۆن ٣٣١٦١

بەغدا شۆڕجە ، کۆشکی وەقفی ئەبووحەنیفە ، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی ، مامۆستا نوی علی أمین سەرپەرشتیکەری کتێبو پرۆگرامی خوێندن · تەلەفۆن ٦٨٢٣١

بەم بۆنەیەوە ، بیرتان ئەخەینەوە کەوا پەیڕەوی ناوخۆی یەکیەتیی نووسەرانی کورد، ئەم مەرجانەی خوارەوەی داناوە بۆ هەرکەس کە بیەوێ ببێ بە ئەندامی یەکیەتی :

١ – شایانەتییەکی تەواوی هەبێ ، واتە منالو شێت نەبێ ·

٢ – بێبەش نەبووبێ لە مافی شارستانەتی ·

٣ – حوکم نەدرابێ لەسەر تاوانێکیوا کە لەکە بە شەرەفی بگەیەنێ ·

٤ – هەژدەی پڕ کردبێتەوە·

٥ – ڕازی بێ لە پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی یەکیەتی ، وە حەزی لێ بێ ببێ بە ئەندام تیایدا ·

٦ – شەهادەتی جنسیەی عێراقیی لەسەر ئەوە وەرگرتبێ کە لە عێراقدا هاتوەتە دنیاوە ·

٧ – شاعیر ، یا چیرۆك نووس ، یا نووسەر ، یا نووسەری شانۆیی ، یا زمان شوناس ، یا لێکۆلەرەوە ، یا ڕەخنەگری ئەدەبی ، یا زانیاری بێ ، وە بە زمانی کوردی بنووسێ ، ئیتر بەرهەمی بلاو کرابێتەوە یا نە ·

٨ – نامەی داوای ئەندامەتی بنووسێ بۆ سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر (مامۆستا جمال بابان) ، وە لە نامەکەیدا بنووسێ کەوا ڕازییە بە پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی یەکیەتی ، بە مەرجێ کە سێ کەس لە ئەندامانی یەکیەتی ڕی لەسەر بدەنو بە شایانی ئەندامەتیی بزانن ·

دەستەی دامەزرێنەری
یەکیەتیی نووسەرانی کورد

بۆ ئاگاداری ژمارە (٣) لەوەزارەتی کاروباری ژوورەوە سەبارەت مناقصەی دروستکردنی قسمی داخلی کچان لە اربیل

بە دوای بۆ ئاگاداری ژمارە(١) سالی ١٩٧٠ :

١ ـ وەزارەتی شوءونیژورو بەلێندەرەکان و شارەزاکانو لەدەست هاتوەکان کەشهادەی ضریبەی دخلی ئەمسالیان هەیەو لەژوری بازرگانی ناونوس کراون و لە لیژنەی دیاری کردنی بەلێندەران دیاری کراون ، بەشداربن لەمناقصەی نهینیژمارە (١) سالی ١٩٧٠ی تایبەت بە دروست کردنی قسمی داخلی کچان بەگەورەی (٢٠٠) چرپا لە اربیل ٠

٢ ـ ئەتوانری استمارەیمەرجەکانو نەخشەیکەی لای محاسبی مدیریەتی گشتیاعمارەی ژورو لە عمارەی انحصاری تۆتن (شەقامیکۆماری) وەربگیری بەرامبەر دانی (١٠) دینار کە شایەنیگەرانەوەنیە ٠

٣ ـ عطائات لەزەرفیکیمورکراواو نیشان کبراو لەگەل ناوی مناقصەکەو وصلی تأمینیان کفالەی مصرفی ئەدری بە (رفیق رحومی) سکرتیریلیژنەێ ـ فتحو عطائات ـ لە دیوانی وەزارەتی شوءونیژورو ٠

٤ ـ دواکاتی وەرگرتنرۆژی ٢٥ـ٣ـ١٩٧٠یە ٠

٥ ـ تأميناتی یەکەمر٣٥٠٠ سێ هەزارو بینج سەد ـ دینارە بەنقدی ئەدرێتبەمحاسبی وەزارەت وە کفالەتی مصرفی دەرچو لە بانقیکیعێراق یان (صك)ی مورکراو وەر ئەگیری ٠

٦ ـ لەسەر بەلێندەرەکانەلیستەی ناوی بەو جۆرەی تر کردویانەپیشکەش کەن ٠

٧ ـ پیویستە ماوەی تەواوکردنی کارەکە لەلایەن مناقصەکانەوە دیاری کریت ٠

٨ ـ ئەم وەزارەتە ملتزمنیەبەوەرگرتنی نزم ترین عطائات یان هەر عطائاتیکی تر دلیان هەرچی مەرجەکانی سەرەوەی تیانەبێت ئەدرێتە دواوە ، وەبۆزیادی معلومات مراجعەی شعبەی فنی مدیریەتی گشتیئاوەدانی ژورو بکەن ٠

دوکتۆر عبدالله خضیر
و٠ وەزیری کاروباری ژورو

بۆ ئاگاداری

بەرنامەی استثماری ١٩٦٩ ـ ١٩٧٠ی مالیە

بەپێی ئەوەی لەنوسراویوەزارەتی ناوخۆ دا ژمارە ١٣١٧ لە ٢٦ـ١ـ١٩٧٠ داهاتوە لەسەر بریاری لیژنەی کردنەوەی عطائاتی تایبەت بەپرۆژەکانی نەخشەی ئابوری بریارماندا دووبارە کردنەوەیبۆ ئاگاداری لەسەر مناقصەی نهینی دروست کردنیقوتابخانەی ئامادەی ژمارە (٣) لە دربندیخان لەپێیئەوحورجو مواصفاتانەی لای ئیدارەی محەلی بەرامبەر (١٠)دینار کە شایەنی گەرانەوەنیە دەست ئەکەوێت ٠

ئەوانەی لەبەلێنەرەکان کەناونوس کراون لە ژوری بازرگانی و دائرەی ضریبەیدخل لەسەعات ١١ی زوالی رۆژی دووشمە ریکەوتی٣٠ـ٣ـ١٩٧٠ پیویستی خویان پیشکەش کەن دوای مورکردنیمواصفاتەکانو پیوەنانی پولی پیویستی ودانانی تأمینیپارەیان کفالەتی موفی یان (صك)ی زامن بو لای محافظەبەقەدەر (ـر٩٥٠) دینار ٠
ئەو دانەی لەکاتی دیاریکراوا نەبێ ئەدرێتە دواوە ٠

شکری صبری الحدیثی
محافظی سلیمانی

بۆ ئاگاداری

بەرنامەی استثمار سالی

٩٦٩ـ٩٧٠ی

مالیە

بەپێی ئوسراوی محافظەی سلیمانی ئیدارەی محلی ١٠٤٤ لە ٢٨ـ٢ـ١٩٧٠ دا بریارماندا بە دووبارە کردنەوەی بۆ ئاگاداری مناقصەی نهین دروست کردنی قوتابخانەی ئامادەی ژمارە (١) لەرانیە لەجیاتی سلیمانی بەپێی ئەو مەرجانەی لای ئیدارەی محلی بەرامبەر (١٠) دینار شایەنی گەرانەوەئیە دەست ئەکەوێت٠
ئەوانەی ئارەزو ئەکەن لەو پەلیندەرانەی لەژوری بازوگانی ئاو نوسرکراون و لەگەل دائرە ضریبەی دخل عطاتی خویانی بەن بە مجلسی ئیدارە سەعات ١١ی زەوای دووشمە بەرامبەر ٢٣ـ٣ـ١٩٧٠ دوای مورکردنی عطاتەکان و پول پیوەنانی پیوستیو تأميناتی پارەیانی کفالەتی معرض یان (حـك) مضمون لای ئەم محافظەیە بەقەدەر (ـر٩٥٠) دینار ئەو اعطاتانەی دواکەون ومەرجی پیوسیتانا تیانەی رەد ئەکریتەوە ٠

شکری حدیثی

محافظی سلیمانی

..وەرزش..

هەوالی گەمی پالەوانی کاس جیهان لە توپێن بەژمارە

● حەفتاویەك دەولەت بەشداری دەورە سەرەتایەکانی کردووە ، (٣٠) سی دەولەت لە ئەوروپا وە (١٠) دەولەت لەئەمریکای ژوروو ناوەندی وە (٧) دەولەت لە ئوکیانوسیاو (١١) دەولەت لە ئەفریقیاو (١٣) دەولەت لە ئەمریکای خوارروو ٠

● شانزە دەولەت گەیشتونەتە دووا دەورەکان ، (١٠) دەولەت لەئەوروپاو (٣) لە ئەمریکای جنوبیو (٢) لە ئەمریکای ژورروو ناوەندیو (١) لە ئەفریقیاو یەك لەئاسیا ٠

● یاری سەرەتای لە ١٩ـ٧ـ١٩٦٨ دەسیپێکرد لەنێوان بەلجیکاو فنلەندە کە دووبەیەك بوون ، دووایاری نێوان ئوستورالیاو ئیسرائیل کە یەكبەیەك بوون لەسیندکرا لە ١٤ـ١ـ١٩٧٠ ، واتە گەمەی کاسی جیهان هەژدەمانگی خایاند ٠

● تەنها دەولەت کەهیچ گولێك لەدژی تومار نەکرابێ ئەرگوای بوپاش ئەوروسیا کەتەنها یەك گول دژی تومار کرا پاش روسیا بەرازیل دێت کە دووگول دژی تومارکرا ٠

● تیپی قوبرس (٣٥) گولی لێیکرا ، فنلەندا (٢٨) گولوە لە دژی لوکسومبورك (٢٤) گول ٠

● یاریکەری بەرازیلی (توستاو)و یاری کەری ئەلمانی (مولر) ، هەریەکە گولی توماركردووە ، پاشئەمان (لودیجی ریفای) ئیتالیو (لوبانسکی) پولونی دین کە هەریەك (٧) گولی کردووە هەروەها [بیلیێە]و بینی و لیندفالو ستاینو دنیا هەریەکە شەش گولی کردەووە٠

● چاکترین سەرکەوتن هي ئەلمانیای روژئاوابو بەسەر قوبرس کە (١٢) گول بەهیچ بوو ٠ پاش ئەمە سەرکەوتنی یوگوسلاڤیا بەسەر فنلەندە کە نوبەیەكبو وەهەروەها سەرکەوتنی اسکوتلەندا بەسەر قوبرسهەشت بەهیچو پولونیا بەسەر لوکسومبورگ هەشەت بەیەك ٠

● زیادترین گول کەتومار کرابێ لەلایەن تیپی بەرازیلی بو کەژمارەی گەیشتوتە (٢٣) گول لەشەش گەمەدا ، پاش بەرازیل ئەلمانیای روژئاوا دێت کە (٢٠) گولی تومار کردووە لە شەش گەمەدا ٠

● ژمارەی ئەوگەمانەی کە کراوە (١٧٥) گەمە بووە ، (٧٩)ی لە ئەوروپاو (٢٤)ی لە ئەمریکای خوارو و (٣٢) لە ئەمریکای شەورو ناوەندیو (١٣)ی لە ئاسیاو (٢٤)ی لە ئەفریقیا ٠

● ژمارەی ئەو گولانەی کە تومار کراوە گەیشتوتە (٥٤٢) گول (٢٧٩)ی لە ئوروپاو (٦٥)ی لە ئەمریکای خواروو (٩٧)ی لە ئەمریکای ژورو و (٣٢)ی لە ئاسیاو (٦٩)ی لە ئەفریقیا ٠

بو ئاکادری ژمارە ـ٥٨ـ یسالی ١٩٧٠ لە ئیدارەیانحصاری توتنەوە مرکزی کشتی ٠

یەکەم ـ بەبونەی نزیكبونەوەی سالی مالیەی ١٩٧١١٩٧٠ وپیوستی نوی کردنەوەی اجازەی دەرچو بەپێی قانونیانحصاری توتن ژمارە ٥٤یسالی ١٩٥٢ ، لەسەر ئیدارەی معملەکانی دروست کردنیجگەرەی میکاکنیکی بەجملەوجگەری نیشتمانی وبیگانە بەجملە و مفرد و ریگادراوەکان بو کاغەزبرینودروست کردن بەدەست و فروشتنی دفتری ورقی جگەرەـدفتری لف ـ بەجملە وریگادراوەکان بەهینانی ورقەی جگەرە ، سەربەن لە دائرەیانحصار لەماوەی مانگی نیسانیسالی ١٩٧٠ بو تەواوکردنی معاملەی نوێی اجازیکاتیانبەبیی قانونی نابویرای هەرچیدوابکەوێ لەنوی کردنەوەی لەماوەی دیاریکراوە اجازەکەیبەبەتاڵ بومەوە ئەرمیری ٠

دووەم ـ لەسەرریگادراوەکانە کە لەسەرەوی دیاری کراوێ و محەلاتو کاروباریان لە شاری بەغداودەورو پشتیەتی مراجعەتیمدیریەتی انحصاری توتن لە بەغا بکەنی دوای دوامی رەسمیلەماوەی نوی کردنەوەدالەسەعات ٣ی پاش شیوە رووە هتا سەعات خەوتی ئیوارەبو نوی کردنەوەی اجازەکانیانی

مدیری کشتیو
سەرەکی مجلسی ئیدارە
حسن حسین

دیمەنی کوردستان



نەورۆز • نەورۆز • نەوروز • نەرۆز • نەورۆز
نەورۆز .نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز .نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز

نەورۆز • نەورۆز •نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز •نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز • نەورۆز • نەوروز • نەورۆز
نەورۆز • نەورۆز •نەورۆز • نەورۆز • نەرۆر

جەژنی نەورۆز

گوران

بەسوورێکی تر ئەستێرەی ئینسانگر ،
قـەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر ..
کام قەومی کۆن ، کـام جەژنی بەرزو پیرۆز ؟
قەومی مادی ، جـەژنی بڵنـدی نەورۆز !.
ئەو نەورۆزەی کە هـەزاران بەهـارە ،
لەرێی کوردا گـڕی ئاگری دیارە ..
باو باپیرمان هەتا ئەڕۆن پشتاو پشت ،
لەم ئاگرەیان دەورەدا وەچین چین ، گشت .
لە چوار دەوری ئەم ئاگرە ڕەنگاو ڕەنگ
کۆڕ گیراوە بەپێکـەنینو ئاهەنگ
بانگی شێوان هـەتاکو بەر بەیانی
چڕپی بووە بەزمو نۆشو گۆرانی
لەو ساتەوە تائێستا کە بەم چەشنە
هەمو سەری ساڵی تازەمان جەژنە
میوانی کۆن بەرێ ئەخەینو تازە ،
بەپێکەنین ئەگاتە بـەر دەروازە ..
خوشیت هێنـاو فەرت هێناو شیرینی !
تۆ بۆ ئێمە بەهەشتی خەو بینینی !..
بەهاتنت بای بەستەڵەک بەفری دەشت ،
گیانی سپارد گوڵی ڕوا جێگای گەشت !
لەتاریکی لـەچوار دیواری زستان ،

سەر فراز بیت ! سەرفرازبو مەڵی گیان !
ئێستا ئوخەی ئاسمانیکەی هەتاوی ،
گیایەو گوڵەو مەمەو خوڕەی چەماوی ،
چی خوشترە لەوەی تـەبیعەت جوانبێ ؟
ماوەی سـەرنج پانایی گشت ئاسمانبێ ؟
گیانی سەرمەست ، باڵداری رێی هیوابڕ ،
بەرزبێتەوە بەپەڵـەی هـەور بـدادڕ ؟
بفری بڕوا بۆ کوردستانی ئاوات ،
ماندونەبێ ، هەربڕواتو هەربڕوات .
هەتا ئەگاتە لوتکەی شاخی سەربەست
بێ زنجیری گەل ئەبینیو ئەبێ مەست .

• نەورۆز •
• نەورۆز •
• نەورۆز •

لە باخی نەورۆز

لە تارمایی پالەونی
داستانەکەی گـــەڵو
هۆزا
لە ورشەی بـای پــڕ
نیگاری
گورانییەکی بە سۆزا
ڕەنگێکی ئاڵ
تێکەڵ بە تریقــــەی
مناڵ
شارای کلپــــــە ..
سپیدەی گەش
کوردستانیان گرتـــە
باوەش

●

ئەی نەورۆزی بەهاری
نـوێ
ووشەی گەشمان لە تۆ
ئەوی
نان بۆ برسی .. بەهار
بۆ شار
ئازادیمان لە تـــو
ئەوێ

●

سەدان ساڵە .. (کاوە)
یەکی کورد
مەشخــەڵی نـەورۆزی
هەڵکرد
کەچی ئیمەی نــەوەی
ئێستا
(هەزارو نۆســەدو
هەفتا)
ووڕین هێشتا
لەو نەورۆزەی دێــتەو
ئەروا

●

ئەبێ نەورۆزی ئەمجارە
زامی پڕ لە سوێی ئـەم
شارە
وا ساڕێژ بێ ، جارێکی
تر
ژیر دەستی نەمێنێ ئیتر

بیرێکی ڕاگوزاری

من .. کوردستان ... نـەورۆز

من ئادەمیزادم .
بـەڵێ ، ئادەمیزادم ئـەی خاکی پیرۆز ..
لەگەڵتا ژیام ...
من خاوەنی تۆم ، تۆ خاکی منی ...
پیرۆزی لەلام ، گەلێ جـــار ورشکو برنگ بویتەوە ...
بەڵام ئادەمیزادەکانی کـەسو کـارم بەخوێنی خۆیان ...
ژیانیان کردەوە بەبەرتا ...
هەرگیز نەیان هێشتوە خاکیکی بێ بەهاربیت ...
خاکی پیرۆزم :
مەڵی ئـەم « ئادەمیزادە » بێهێزو بێتوانایە ، لەمن بێ ئاگایە ، ئەزانم گـەلێ برینی کۆنو نوێ ئازارت ئـەداتو هێزو تواناو مەردی ئەوێت تا ساریژ ئەبن ...
تۆش ، چاوەڕێی منـی ئادەمیزادی ! ئەو هێزو توانایە بخەمەکار ، پیـــان ووتی : « باوەرمەکە ، ئـەم ئادەمیزادە بەیوەندی بەتۆ وە نیـــە ، حاوەڕێی مەکـە سـارێژ بکات !! » .
بەڵام تۆ باوەڕت نەکرد ...
ئەشزانم باوەریش ناکەیت .. باوەر ئەکـەی من ئـەو هێزو توانایەم نیە کە لە ڕاستیدا بیویستە بۆ توی بەختکەم ، بـەڵام تۆی خـاکی پیرۆزم ئاگاداری هـەرچی بەسەرمانا هاتووەو بۆتــە هوی بێهێزو بێتونا کردنم ، هـــەتا چاو نوقاقدنم لەهەندێ سزادانت ، ئەزانیت ئەمانە هەموو ، لـە دەست کردی خۆم نیە ....
لەبێ هیزیٚ من نیە ....
تۆ ئەزانی من بێهێز نیم ، چونکە من ڕۆڵەی تۆم ...
تۆ زەویەکی بێبەرهارنیت .
تۆ هەرگیز بێ کـەس و کارنیت ...
نەء ، هەرگیز بێ کـەسو کارنابێت ،
نەء ، هـــەرگیز بێخاوەن نابێت ...
ئەی خاکی پیرۆز ...
وەك منالیکی ساوا چـاو ئەبرمـــە جوانیت ، بۆن بەرامەی هەمیشە بەهـــارت ئەمخاتە سەرپێ ، ئەمجولێنیو ئەکەومە خۆ ...
منی ئادەمیزادی رۆڵەی تۆ : هەرخۆم ئەزانم چیت لەقولایی حۆتا هەڵگرتوەو پـەیوەندی ئەوانە بەمنەوە چیە ... لەبەر ئـەوە :
دڵنیابە تا من مابم ، تۆش ـ هەرئەبێت هەرگیز بێ بەهـار نابیت ...
بێ « نەورۆز » ی مـەزن نابیت ..
نەبێ ئاگری « بەکاپـەی ڕوناك » هەوو ساڵ هـەر بەکلپەداری بێنتەوە ..
نەك ساڵی جارێ ، بەڵکو هەڵگیرسێو نەکوژێتەوە ...
بەڵی ئـەی خـاکی پیرۆز دڵنیابە وائەبێ :
مەگـەر منی خاوەنت .. «ئادەمیزاد» نەبم .. بەهەستو هۆشو خاوەن باوەڕنەبم ؟!